
KURDISTAN


حەکیم
ماڵاوا کێوی ورە و ئیمان
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر و وەفادار و دڵسۆزی حیزب ماڵئاوایی لە ژیان کرد ........................... گیارەنگ ...... ٣
٢- لە بێدەسەڵاتیم .................................................................... عەبدوڵڵا حەسەن زادە ......... ٥
٣- "حەکیم زادە" و "حەسەن زادە" ............................................................. قادر وریا .......... ٧
٤- بۆ حەکیمی دەردان .................................................................... حەمەرەسووڵ کەریمی ......... ١٠
٥- بێگومان لە دڵی هەموانمان دا هەر زیندووی ................................ مستەفا شڵماشی ...... ١٣
٦- تارمایی لەسەر پردی "بیر حەکیم"ی پاریس ................................................. ئاسۆ حەسەن زادە ....... ١٤
٧- بنەماڵەی سەربەرز و نیشتمانپەروەری حەکیمزادە! ............................................ هاشم ڕۆستەمی ..... ٢٠
٨- پرسە نامە .............................................................................. مەلا ڕەسول پێشنماز ....... ٢١
٩- باوەڕ بەو مەرگە ناکەم .................................................................. ئەحمەد رەحمانی ...... ٢٢
١٠- رووحت شاد کاک مستەفای حەکیمزادە .................................................. پێبەش پیرۆتی ...... ٢٤
١١- مەرگی گوڵێ، سەدان ژیان دەروێنێ ....................................................... محەممەدی فەقێ عەلی ...... ٢٥
١٢- لە مەرگی پێشمەرگەیەک دا کە غەریبانە باڵی گرت وکۆچی کرد ........................ ئەحمەد شێربەگی ....... ٢٧
١٣- لە هیجرانی پێشمەرگەیەکی بەباوەڕ و باوەرمەندێکی پێشمەرگە! ......... ڕەحمان حەسەن زادە (شیوەسەڵی) ...... ٣٠
١٤- ماڵئاوا تێکۆشەری لێو بەخەندە ...................................................... رەحیم رەشیدی ........ ٣٢
١٥- دەردی گرانم کورە باشەکان و ماندوونەناسەکان هەر دێین و دەورمان چۆڵ دەکەن ............ خالید وەنەوشە ..... ٣٤
١٦- یادت بەخێر کاک حەکیمی هەمیشە ئازیزی هاوڕێیانت ...................................... شەونەم هەمزەیی ...... ٣٥
١٧- بۆ چەند ساتێک بێدەنگی بگەیێنینە زمزیران و سەرچاوەی سەردەشتی .................. ئازاد عەبباسیان ...... ٣٧
١٨- پرسە .................................................................... ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات .... ٣٨
١٩- چەند بە ژانە مەرگی تۆ .................................................................... عەلی سوورەچۆمی ......... ٣٩
٢٠- مرۆڤێکی دڵپاک، ڕووخۆش بوو ................................................................ ئازاد بانەیی ......... ٤٠
٢١- تەزووی ساردی مەرگی کەڵە شۆڕشگێڕێک تاساندمی .............................................. تەها رەحیمی ....... ٤١
٢٢- روحت شاد بێت "حەکیم"ی شۆڕشگێر ............................................................ ئیسماعیل ئیبراهیمی ....... ٤٢



سەرچاوە
Serchawe

٢٣- حەیف کە نەتتوانی سەرچۆپی کێشی زەماوەندی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بی .......... کامران سوهرابی ...... ٤٣

٢٤- "حەکیمی شۆڕش" ........................................................ ئاسۆ خەبات ......... ٤٤

٢٥- روحت شاد بێت و یادت هەرمانە حەکیم زادەی تێکۆشەر و خۆشەویست .................... ئازاد محەممەدزادە ...... ٤٦

٢٦- جێمان مەهێڵە حەکیمی پشت و پەنامان .................................................. ئەحمەد رەحمانی ....... ٤٧

٢٧- کاکە گیان، بابە گیان، هاوڕێ گیان ..................................................... ئەحمەد رەحمانی ........ ٤٨

٢٨- بابە گیان، حەکیمی هەمووان ........................................................... ئەحمەد رەحمانی ....... ٤٩

٢٩- پەیامی هاوخەمیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................................................................. ٥٠

٣٠- سوپاس بۆ هەمووان ...................................................... عەبدوڵڵا حەسەن زادە .... ٥١

٣١- بەشێک لە پرسە و کۆمێنتی هاوخەمی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک ................ ئا: رەحمان نەقشی ..... ٥٣

٣٢- سوپاس و پێزانین ........................... بنەماڵەی حەکیمزادە و حەسەنپور و خزمان بە گشتی ...... ٩٣



**پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر و وەفادار و دڵسۆزی حیزب ماڵئاوایی لە ژیان کرد.**




پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٥ی مای ٢٠٢١ی زایینی، بە داخ و کەسەریکی زۆرەوە پێشمەرگەیەکی فیداکار و خەباتکارێکی جێگای متمانە و باوەڕپێکراوی حیزب هاوڕێ مستەفا حەکیم‌زادە پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشییەکی سەخت ماڵئاوایی لە کۆڕی هاوسەنگەران و تێکۆشەرانی دێموکرات کرد.

هاوڕێ مستەفا حەکیم‌زادە لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٤٤ی زایینی لە شاری سەردەشت لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر لە دایک بووە، لە کۆماری کوردستانەوە تا جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٧ - ٤٦ و شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو بنەماڵە شۆڕشگێڕە بەشداری خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بوون و لە پێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد دا خەباتیان کردوە، هاوڕێ مستەفا حەکیم‌زادە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە ڕەسمی بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تا بە ئەمرۆ بێوچان و ماندوو بوون لە خزمەت حیزب و ئامانجە پیرۆزەکانیدا بووە، لە حیزبدا لە سەنگەری پێشمەرگایەتی ڕا دەستی پێکردوە و زۆر ئەرک و بەرپرسایەتی وەک جێگر پەل، سەرپەل، جێگر لک و سەرلک لە هێزی پارێزگاری و کادری پلە ٤ی حیزبی لەسەر شان بوو، لە بەر پرسایەتیە گرینگەکانی بەشی زۆری ژیانی پێشمەرگایەتی هاوڕێ حەکیم زادە لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی تا کاتی ماڵئاوایی پارێزگاریی لە سکرتێرەکان و بەرپرسانی پایەبەرزی حیزب کردووە، لە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ خەبات و تێکۆشان، هەموو بەرپرسانی حیزب، بە تایبەتی هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی شاهیدی دلسۆزی، فیداکاری، ئەمانەت و دەستپاکیی ئەم ڕۆڵەیەی حیزبی دێموکرات بوون، ئەو سەرەڕای کاری پێشمەرگایەتی و پارێزگاری لە زۆر بواری دیکەدا بە ئەمانەت و دڵسۆزییەوە زەحمەتی بۆ حیزبی دێموکرات کێشاوە، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە دڵسۆزترین و ئەمەگدارترین پێشمەرگەکانی لە دەستدا، بەم

بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە گەورە و نیشتمانپەروەری حەکیم زادە و بە تایبەتی عیسمەتخانی خێزانی و کچە ڕووسوورەکانی و خوشک و براکانی و تەواوی خەڵکی تێکۆشەری شاری سەردەشت دەکەین، هیواداریین ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی و ئەو ڕێگا سەختە کە بەشی هەرە زۆری تەمەنی لەو پێناوە دا بەخت کرد، بەردەوام و سەر کەوتوو بێ.

بەو بۆنەوە ڕادەگەیەنین کە بەهۆی ئەو پەتایەی بەرۆکی کوردستان و هەموو جیهانی گرتوە نە لە کوردستان و نە لە دەرەوە سەرەخۆشی دانانرێ و داوا لە هەموان دەکەین لە ڕێگای تەلەفۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاودەردی دەگەڵ حیزب و بنەماڵە کۆستکەوتوەکەی بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیسیۆنی پێشمەرگە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## لە بێدەسەڵاتیم



عەبدوڵڵا حەسەن زادە

لەم ڕێگەیەوە لەدەستدانی هاواڵی خۆشەویستی منداڵیم، هاوڕێی لەمێژینەی حیزبیم و هاوسەنگەری ئەمین و فیداکاری دەورانی پێشمەرگایەتیم و پارێزەی سەری هەموو ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ١٣٥٨ بەملاوە بەتایبەتی یاری وەفادار و غەمخۆرم لە ٢٥ ساڵی ڕابردوودا کاک مستەفای حەکیمزادە (ناسراو بە «حەکیم») ڕادەگەیەنم.

غەمی ئەو کۆستە گەورەیە وای تاساندووم نە زمانم توانای دەربڕینی هەستی دەروونمی هەیە و نە قەڵەمم توانای نووسینی ئەوەی شایانی گیانی نەمری ئەو قارەمانەیە. بۆیە بەداوای لێبووردن لە ڕووحی «حەکیم» و هەموو هاوڕێیانی و تەواوی ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی لەم کاتە ناسکەدا جارێ تەنیا ئەو سوپاسنامەیەی بەبۆنەی جێژنی ٧٥ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتەوە پێشکێشم کردبوو بڵاو بکەمەوە:

برا و هاوڕێی لەمێژینەم کاک مستەفای حەکیمزادە (حەکیم)
دەگەڵ ڕێز و سڵاوی برایانە

هەرچەند هەردووکی ئێمە بەشی خۆمان عومر کردوە، بەڵام دۆستایەتی و تێکەڵاویی بنەماڵەکانمان زۆر لە تەمەنی خۆمان درێژترە و تەنانەت لە کاری حیزبایەتییشدا چارەنووسمان بە یەکەوە بەستراوە. بابی تۆ و دوو برا گەورەکەی من پێکەوە ئەو شانازییەیان هەبووە کە لە دەورانە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا ببنە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییش ئێوە بە بنەماڵە تێکەڵی حیزبی دێموکڕات بوون و بەتایبەتی بۆخۆت بە حوکمی پاکی و دڵسۆزیت ڕێت کەوتە بەرزترین ئەڵقەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بوویە یەکێک لە پارێزەرانی گیانی ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە.

خۆشحاڵم کە ئەمنیش ئەو شانازییەم پێ براوە کە چارەکە سەدەیەکە سەری خۆم بە تۆ سپاردوە و لەو ماوەیەدا هەموو ژیان و ئاسوودەیی خۆت لە پێناوی خزمەتی حیزب و پارێزگاری لە ژیانی مندا وەلا ناوە. دڵسۆزی و دروستکاریی تۆ وای کردوە کە هەموو شارەزایان بە نموونەی تێکۆشەرێکی سادق و شێلگیرت بناسن و ئارەزوو بکەن کە حیزبی دێموکڕات نموونەی تۆی زۆر تێدا هەڵکەون.

دەگەڵ پیرۆزباییم لەو شانازییانەت، سوپاسی هەموو دڵسۆزییەکانت دەکەم و بەئاواتم کە هەر ساغ و سڵامەت و سەرکەوتوو بی.

برا و دڵسۆزت عەبدوڵلای حەسەنزادە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

## "حەکیم زادە" و "حەسەن زادە"



قادر وریا

وێناکردنی ئامادە بوونی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە خۆش و ناخۆشەکانی کوردستان، بێ حزووری پێشمەرگەیەکی وریا، بە هەیبەت و سەنگین، ئەستەمە؛ پێشمەرگەیەک کە ئەگەر چی لە سەر و برۆی سپی بوویدا، لە مامۆستا نەدەمایەوە، بەڵام هەڵکشانی تەمەن نەیبووە لەمپەر هەتا وەک ساڵانی زووتر، هەموو کات ئامادە و بە دەستەوە بێ، گورج و تەڕدەست بێ، چاوێکی بکا بە چەند چاو، بۆ ئەوەی گیان و سەری کەسی پێ سپێردراوی، بە لێوەشاوەییەوە بپارێزێ.

لە سەرەتای نەوەدەکانی زایینییەوە، کاک مستەفای حەکیم زادەم وەک پێشمەرگەی پارێزەری مامۆستا حەسەن زادە دیتووە. پێشتر لە سەردەمی سکرتێریی د.قاسملوودا، حەکیم زادە یەک لە پێشمەرگەکانی پارێزەری ئەو ڕێبەرە بوو. دوای شەهید بوونی د.قاسملوو، د.شەرەفکەندی، سەری خۆی هەر بەو دەستە پێشمەرگەیە سپارد کە لە پاراستن و خزمەتی دلسۆزانەی سکرتێری گشتیی حیزبدا، ئیمتیحانی خۆیان دابوو. دواتر کە د.شەرەفکەندییش لە دەرەوەی وڵات، دوورلە هەتەری چاو و بڕشتی چەکی پێشمەرگەکانی پارێزەری تیرۆر کرا، "حەکیم" بۆنی ئەو ڕێبەرانەی بە حەسەن زادەوە کرد و، خۆی بۆ پارێزگاری لە گیانی ئەو، تەرخان کرد. حەکیم زادە - کە بۆ خۆی پێی خۆش بوو لە جیاتی مستەفا هەر بە "حەکیم" ناوی بەرن -، هەر پاراستنی گیانی ڕێبەرانی حیزبەکەی بە ئەرکی خۆی نەدەزانی، زۆر کاریتریشی بۆ ئەوان بە تایبەتی و، حیزبەکەی و هاوسەنگەرانی بە گشتی لە دەست دەهات کە درێغی لە ئەنجامدانیان نەدەکرد. هەر کات سکرتاریای حیزب، میواندار و خانەخوێی میوانانی بیانی، یا ڕێبەران و دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بوایە، حەکیم بەو پەڕی قالب سووکییەوە دەفریای پێرسۆنێلی سکرتاریا دەکەوت و، ئەزموون و لێزانیی خۆی لە ئامادەکردنی نان و



سەرچاوە
Serchawe

خواردندا دەخستە خزمەتیان. تەنانەت مەمانانیش لە ئۆرگانەکانی دیکەی حیزب کە بۆنەیەکی تایبەت بە ئۆرگانی خۆمان- بۆ وێنە جێژنی دەرچوونی ژمارە ٦٠٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"مان بە دەستەوە با، لە "حەکیم"مان ڕادەدیت داوای هاوکاریی لێ بکەین. ئەویش بە ڕووی خۆشەوە بە دەنگمانەوە دەهات و دڵی نەدەشکاندین.

٣ ساڵ لەمەوبەر، ویستم جارێک لە جاران - و تا بۆ خۆی لە ژیان دایە -، بە نووسینێک، ڕێز لەو زەحمەت و خزمەتانەی بگرم کە نزیکەی ٤٠ ساڵ بوو، لە دەرەوەی ئەرکی حیزبی و ئۆرگانیی خۆی، خۆبەخشانە و لەو کاتانەدا کە دەبوایە بحەسێتەوە، پێشکەش بە هاوڕێ و هاوسەنگەران و مندالەکانیانی دەکرد."حەکیم زادە" دەیان ساڵ بوو ببووە "سەڵمانیی شۆڕش" و خۆبەخشانە سەری ورد و درشتی، - زۆربەی ئەو ماوەیەش بە ئیمکاناتی خۆی- چاک دەکرد. ناهەقم نەبوو بە سەرنجدان بەو زەحمەتە و، جێی متمانەبوونی بۆ سەرانی حیزبی دیموکرات، سەردێڕی نووسینەکەم کردبوو بەم ڕستەیە:" حەکیم، ئەو کەسەی هەموان سەری خۆی پێ دەسپێرن...".

"حەکیم زادە"، پێشمەرگایەتی لە پێناوی نەتەوە و نیشتماندا و، خۆشەوستیی حیزبی دیموکرات تا دوا هەناسەی، لە باوکیەوە بە میرات بۆ مابۆوە."مام حەسەن"ی بابی لەو پێشمەرگانەی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو کە هەر ئەو کات لە بەرەی شەڕلە ناوچەی سەردەشتدا، بریندار ببوو. لە پاش رووخانی کۆمار، بە ڕێگا و ڕێبازی دیموکرات لە قۆناغە تاریکەکانیش دا هەر وەفادار مایەوە. کاتێکیش حیزبی دیموکرات لە دوای رووخانی ڕێژیمی شایەتی دەستی بە تێکۆشانی ئاشکرا کردەوە، بووە بە پێشمەرگە. کوڕەکانی مام حەسەن و لە پێشەوەی هەموان، کاک مستەفای حەکیم زادەش، لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتدا قۆڵیان لە خزمەت هەڵمالی. مستەفا حەکیم زادە لە ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٩)ەوە هەتا کاتی دوامالاوایی لە نەتەوە و هاوسەنگەرانی، بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتپاریزی و ماندوویی نەناسی، ئەرکی پێشمەرگانەی خۆی بەڕێوە برد. ئەویش وەک نەریتی بنەماڵەکەیان، منداڵەکانی لە سەر ڕێچکەی خزمەت بە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان ڕاهێنا. لەم ڕێگایەش دا خاتوونی ڕووسوور"عیسمەت حەسەنپوور"، هاوسەر، هاوڕێ و هاوپشتێکی بەوەج و سەربەرزی بوو.

زیاتر لە مانگێک بوو، حەکیم زادە، لە گەڵ ئێش و ئازار و شوێنەوارەکانی نەخۆشیی کرۆنا لە ململانێدا بوو. بەر لەوەی لە بەر خراپیی تەندروستییەکەی بۆ کۆیە و دواتر بۆ سلێمانی رابگوێزرێ، لای هاوڕێیەک کە لە ماڵی خۆی چووبووە سەردانی، بەداخبوونی خۆی لەوە دەربڕیبوو کە بە قەرزداری دەمرێ و ئەم نەخۆشییە ناهێڵێ قەرزەکانی بداتەوە. کاتێک ئەو هاوڕێیەمان دڵی دەداتەوە و، دەڵێ هەتا حیزب هەبێ نابێ نیگەرانی قەرزان بی؛ "حەکیم" دەڵێ: مەبەستم قەرزی پووڵ و ماڵی دنیایە نیە، قەرزداری ئەوەم کە نەخۆشی ناهێڵێ زیاتر خزمەت بە حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەم بکەم.

ئەمڕۆ ئێوارەی  ڕۆژی پێنجی مانگی پێنجی(مای) ٢٠٢١، کاک مستەفا حەکیم زادە (ناسراو بە حەکیم) لە تەمەنی ٧٧ساڵی دا، لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی، بە داخەوە کۆتایی بە ژیانی هات و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدان و نەمرانی حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد. نەخۆشیی  ئەمجارەی حەکیم ماوەیەک بوو بنەماڵە و کەسوکار و هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە دەمانناسی، خستبووە نیگەرانی و، ئارەزوومان دەکرد بە ساغی بیبینینەوە. بەڵام بە داخەوە، مردن ئەوی لێ ئەستاندین. ئەگەر چی نە مەرگ و نە تێپەڕینی زەمان، ناتوانن خۆشەویستی و یادی ئازیزی ئەو لە دڵ و مێشک و بیرەوەریمان بسڕنەوە.

بەم بۆنەیەوە لە عیسمەت خانم، هاوسەری بەڕێزی، لە کچەکان و لە خوشک و براکانی کاک حەکیم، سەرەخۆشی دەکەم. هەر وەها سەرەخۆشی دەکەم لە لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و بنەماڵەکەی، کە "حەکیم" ڕێز و جێگە و شوێنێکی تایبەتی لە دڵی ئەواندا هەبوو. لە ڕاستییشدا "حەکیم" هەر خۆشەویستی بنەماڵە و خزم و تایفەکەی نەبوو، خۆشەویستی هەموومان بوو. سەرەخۆشی لە هەمووومان دەبێ بکرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر  -  ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

---

## بۆ حەکیمی دەردان




**حەمەرەسووڵ کەریمی**

**حەکیمی دەردان، حەکیمی پێشەنگ، حەکیمی سەنگەر!**

**نازانم لە کوێڕا دەست پێ بکەم، چۆنت لەسەر بدوێم، چیت لەسەر بنووسم کە شایانی ئەو هەمووە مێهرەبانی، خەمخۆری، دڵسۆزی، پاکی، سەداقەت و شۆڕشگێریی تۆی گلێنەی چاوم بێ.**

**نووسین لەسەر تۆ هەم ئاسانە و هەمیش گەلێک سەخت و دژوارە. ئاسانە لەبەر ئەوەی هەموومان دەتوانین باسی چەم و ڕووبار بکەین، چونکی تۆ لەگەڵ چەم و ڕووبار بووی، سانایە لەبەر ئەوەی ئەگەر باسی جوانیی سرووشت بکەین، تۆ جوانی ژینگە و هەموو وەرزەکان بووی، ئاسانە لەبەر ئەوەی ئەگەر باسی خاک و سەنگەر و نیشتمان و پێشمەرگە بکەین، تۆ بۆخۆت سەنگەری لەگیراننەهاتوو بووی، بۆنی خاک و نیشتمان و دێموکراتت لێ دەهات.**

**دژوار و سەختە لەبەر ئەوەی، تۆ قەڵای هەمووان بووی، تۆ پێشەنگ و پشتیوانی گشتمان بووی، تۆ پارێزەری مەزنە پیاوی شۆڕشگێری کورد و شەهیدانی ڕێبەرمان بووی، تۆ پارێزەری قەڵای دێموکرات و هاوڕێ و هاوسەنگەرانت بووی، بۆیە دەترسم نەمتوانیبێ وشەی پڕ بە باڵا و شایانی تۆ بدۆزمەوە.**

**گەورەم!**

**ئێستا هەمووومان چاومان لە دەرگای قەڵایە گورج و گوڵ و زیت و وریا ، بێیە نێو قەڵا و ئاگات لە هەمووان و لە یادگاری**

شەهیدەکان بێ.

دە لالۆ، کاکی کاکان، حەکیمی هەمووان، دڵمان مەشکێنە، عیسمەتی پاکی و یادگارەکانت (شەوبۆ، سکاڵا، شنە، سارێژ و سۆما)، حەکیمەکان خورشیدی تابان و گشتمان چاوەڕێی هەستانەوە و گەڕانەوەی تۆی تاجی سەرمان بووین. لە وڵاتی ساردی سکاندیناوی و لە ئورووپای لانکی ئازادی و لە سەردەشتی زێدی لەدایکبوونت، لە شار و بازێری گەرمێن و کوێستان هەموومان چاوەڕوانی هاتنەوەت بووین. چاوەڕوان بووین وەک جاران سایە و سێبەرت هەروا لەسەر سەرمان بێ. کوا کاتی ئەو کۆچەت بوو، ئاخر گوتت بە یەکەوە دەگەڕێینەوە قەڵا و بە یەکەوە جارێکی دیکە بەدەستی خۆمان مەزاری شەهیدان ئاوپرژێن دەکەین.

بە دەنگی نزم لە نەخۆشخانە پێت گوتم بەجێتان ناهێڵم، لەوە دڵنیام تۆی هەردەم بوێر پێشەنگ هەروا ئاڵا بەدەست و چەک لەشان پێشەنگی ئەو کاروانەی و تا سەر و بۆ هەمیشەش لەنێو دڵماندا بە زیندوویی دەمێنیتەوە.
حەکیمی دەردان!

یاد و ناوت دەبێتە ئیلهامی تێکۆشانی گشتمان، ڕەوشتی بەرز و کەسایەتیت دەبێتە وانە بۆ لاوانی دڵ پڕ لە هەستی نیشتمانپەروەری و، سەنگەرت هەروەک جاران ئاوەدان دەبێ و تفەنگ و ڕەختی شانت لە قەدی کیژ و کوڕانی گەلدا دەبێتە پێناسەی خۆت و حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کۆچت گەلێک بەژانە و پێنووسی دەستم لە ئاست گەورەییت دا بە تەواوی داماوە و وشەکانم بۆ ناکرێن بە ڕستەیەک کە وەک ملوانکەیەک جوانی و هەیبەت و بویریت نیشان بدات. تۆ حەکیمی هەمووان بووی ، تۆ ئی خۆت نەبێ ئی هەمووان بووی ، خەمی خۆت نەبێ ، خەمی هەموو کەست لەبەر بوو و کەسی بێکەسان بووی، هەر بۆیە هەموومان بە دەم ڕێگای هەیبەت سوڵتانەوە وەک قەتارێک لە دەم ڕێگای هاتوچۆت ڕاوەستاوین تا بەئەمەگەوە لە دەریای خزمەتەکانت لە بەرزی و لە نەجابەتت بڕوانین.

فەرماندەم!

ڕێگا و ڕێبازت، بیر و ئەندیشەت، سەنگەر و قەڵات بە ئێمە سپارد و دڵنیا بە کە ئێمەش وەک تۆی پارێزەر و پێشمەرگە، خەممان تەنیا خەمی نیشتمان و ڕزگاریی گەلەکەمان بێ و ڕێگا و ڕێبازت درێژە بدەین.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە و بە بۆنەی کۆچی دوای حەکیمی هەرمان لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە باجە عیسمەتی مێهرەبان و کچەکانی و خوشک و براکانی و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە و هاورێیانی بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان و گشت لایەک لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات دەکەم و هاوخەمی گشت لایەکم .

ڕوحت شاد گەورە پیاوی نێو شۆڕش و کوردایەتی

یاد و ناوت لە دڵاندا هەردەم زیندوو بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

**بێگومان لە دڵی هەموانمان دا هەر زیندووی.**




**مستەفا شڵماشی**

به بیستنی خەبەری کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر و بەوەفامان کاک مستەفا حەکیمزادە لە ناخەوە هەژام و دڵگران بووم. بەو بۆنەوە سەرەخۆشی دەکەم لە بنەماڵەی بەڕێزی حەکیمزادە، لە خۆم لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە گشتی و لە مامۆستا حەسەنزادە کە دایم وەک کێوێک بۆ پاراستنی لە پشتیەوە بوو. خۆم بەشەریکی خەمیان دەزانم و داوای سێبووریان بۆ دەکەم. ڕووحی ئەو خەباتکارە دڵسۆز و مەتین و خۆشەویستە شاد بێ. گومانم لەوە دا نییە کە جێگای بەهەشتی بەرینە، چوونکە پاک و بێگەرد و تێکۆشەرانە ژیا و تا مابوو لە خزمەت نەتەوەکەی دابو. حەکیمزادەکان لە شاری سەردەشت هەر لە سەرەتای دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە، لە دامەزرانی کۆماری کوردستانەوەو لە قۆناغی تازەی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا سێ نەوەی یەک لە وای یەک لە مەیدانی خەبات دا بوون و هەن. کاک مستەفا لەو پێشمەرگە و کادرە بەوەفا و کۆڵنەدەرانە بوو کە بە ڕەفتار و کرداری شۆڕشگێڕانەی و ئەخلاقی پێشمەرگانەی توانیبووی متمانەی هەمو ڕێبەرانی شەهید و زیندووی سەردەمی خۆی بەدەست بێنێ و هەمیشە یەکێک لەو پێشمەرگانە بو کە سەری خۆیان پێ دەسپارد. بنوو هاوڕێ بە ئەخلاق و بەوەفاکەی دێموکڕات بە ئاسوودەیی، بێگومان لە دڵی هەموانمان دا هەر زیندووی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

## تارمایی لەسەر پردی "بیر حەكیم"ی پاریس



ئاسۆ حەسەن زادە

جەلال مەلەكشا وتەنی، ئەگەر بنووسم، بۆ دڵ (و ویژدان)ی خۆم دەنووسم. واش حەز ناكەم بلاڤۆكی مەجازیم لەبەر چاوی دۆستان بە جارێک ببێ بە خەمنامە. چاوەڕوانیی خەڵک لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەهەق ئەوەیە پەنجەرەی ڕووناک و ڕەنگی بەسەر ژیانیاندا بكاتەوە؛ پەنجەرەی وا كە بە كرانەوەی دڵیان خۆش بێ، هیوایان بێتەوە بەر، ئاسۆیەكی دیكە بەدی بكەن،... بەتایبەتی ئەم سەردەمە!

بەڵام بە خۆم دەڵێم ئەگەر لە ژیاندا هاوڕێی یەكترین، دەبێ لە كۆتایی ژیان و لە پاش مەرگیش هاوڕێ بمێنین. هەموو میداڵێک لەو دنیایە دوو دیوی هەیە، دیوێكی ڕوون و دیوێكی تاریک، دیوێكی خۆش و دیوێكی ناخۆش. مرۆڤ هەتا هاوڕێی زۆرتر بن و هەتا زیاتر لە هاوڕێیەتیان ڕەزایەت و خۆشی ببینێ، - ئەگەر بۆخۆی پێش وان نەڕۆیشت - دەبێ چاكتر خۆی بۆ چاشتنی داغی لە دەستدانیان حازر بكا.

هێندێک مەرگیش هەن بەهۆی ژیانەكەی كۆتایی هاتووە، تەڵەبی مەعنا و گوزارش دەكەن. باوەڕ ناكەم ڕێژەی مردن لەو كۆمەڵگایەدا كە بۆخۆم لێی هەڵقولام و گیرۆدەی بووم، لە نێونجی كۆمەڵگاكانی دەوروبەرمان زیاتر بێ. ڕەنگە كەمتریش بێ. ئێمەی ڕۆژهەڵاتییش (بەتایبەتی ئەوانەی نێو شۆڕش) لە كەس زیاتر لە مەرگێک كە تازە دەستی خۆی وەشاندووە، لە خۆمان ڕا نابینین یاغی بین یان قبووڵی نەكەین. بەڵام ئەگەر مەرگەكانی لای ئێمە ئەوەندە دەنگدانەوە و هاوپێوەندی بەدووی خۆیاندا دێنن، لەبەر ئەوەیە كە كۆچكردووەكانی ئێمە بە هەوای نەمری بە ڕێگای ژیاندا ڕۆیشتوون، پاش تەمەنێک ژیانسەختی و فیداكاری لە پێناو ئازادی و بەختەوەریی گەلەكەیاندا و بێ ئەوەی وڵاتی خۆیان ببیننەوە و بە ئاوات و

ئامانجەکانیان بگەن، بە ناکامی لە "غەریبی" کۆچی دوایی دەکەن، ئەگەر مەزڵوومانە شەهید نەکرێن. ڕێگایەک کە ئەوان لێیان داوه و تاسەر بڕیویانە، ڕێگای کاروانێکە کە هێشتا دەبێ زۆر بڕوا و لە زۆر قۆرت و هەورازی تر تێپەڕێ. توێشووی هەره قووەتبەخشی ئەو کاروانەش یاد و بیرەوەریی کۆچکردووەکانیەتی، چونکە لەسەر نەوەستان و بەردەوامی سوورتری دەکا.

**

دایکی مستەفای حەکیم زاده و ئامۆژنی من خوشک بوون. بەڵام ئەو خزمایەتییه ڕۆڵێکی وەهای لە هاوڕێیەتیی ئێمە و ئەودا نەبوو، زۆربەی کات هەر لەبیریشمان نەبوو. ڕابردووی دۆستایەتیی خانەوادەکانمان هێندەی مێژووی نوێی ئەو سەرزەمینەی لێی دەژیاین کۆن بوو. بابی خۆم منداڵێکی پێنج شەش ساڵان بووه کە بابی کاک حەکیم کە لە جەبهەی دیفاع لە کۆماری کوردستاندا بریندار ببوو، لە ماڵی باپیرم دەرمان کراوه. ئەوەی ئێمەی ئەوەنده پێکەوه گرێ دابوو، کاروانەکە و قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی بوو. لەو کاروانەدا، کاری کاک حەکیم لەگەڵ سارەبان و سەرقافڵەکانی کاروانەکە بوو. کارەکەی گرینگ و هەستیار بوو. بەڵام هەمیشە دەستی وردترەکانی نێو ئەو کاروانە بۆ کاری وردتریش دەگەیشتە کاک حەکیم.

وەبیرم نایە یەکەم بیرەوەریم لەگەڵ کاک حەکیم کەنگێ بووه. بەڵام هەمیشە بە دیتنی وی دوایین بیرەوەریی خۆمم لەگەڵ دوکتور قاسملوو وەبیر دەهاتەوه. ڕۆژێکی مەیلەوگەرمی مانگی جۆزەردانی ١٣٦٨ کە ئەودەم مێرمنداڵێکی دوازده ساڵە بووم، لە سکرتاریای حیزبی دێموکڕات لە "بۆڵێ"ی قەندیل لەلای کاکم بووم کە مونشیی دوکتور قاسملوو بوو. دواتر کاک حەکیم لە پێش بنکەی پێشمەرگەکانی پارێزەری دوکتور قاسملوو کە کەوتبووه پشت ماڵەکەی وی، سەری بۆ چاک کردم. کاتێک تەواو بووم، بەو ڕێچکەی تەلانەدا کە دەهاتەوه پێش ماڵەکەی دوکتور قاسملوو داگەڕامە خوار. دوکتور قاسملوو کە لەبەر ئازاری جومگە و بۆ وەرگرتنی وزەی خۆر، دوانیوەڕووان لە سەربانی ماڵەکەی خۆی لە گۆشەیەک کە بە حەسیر گیرابوو ڕادەکشا، لەو وەختەدا دەهات بچێتەوه ژوور کە لە بەرهەیوانی ماڵەکەی ڕووبەڕوو تێک گیراین. لەگەڵ ئەوه کە بە ڕوونی و بە قووڵی لێی ڕوانیم، هیچی نەگوت. دەتگوت ئەو چاوانەی کراوەن، بەڵام هیچ نابینن. ئەمنیش ئەوەنده حەپەسابووم کە تەنانەت سڵاویشم نەکرد. هەر ئەوەندەم زانی لەبەرچاوم ون بوو. دواتر زۆر خۆم پێ دڵشکاو بوو کە چۆنە دوکتور قاسملوو کە قەت نەبوو بمبینێ و قسەیەکم لەگەڵ نەکا، ئێستا نامناسێتەوه؟! قاسملوو مانگ و نیوێک دواتر لە موعەممایەکدا کە هەر شیاوی بەسەرهاتەکانی تەریقەتی حەسەن سەباحە، شەهید بوو...

**

کاتێک چارەنووس و دەرفەت ئەمنیان لە تەمەنێکی کەمدا هەڵداشتە فەڕانسە، سەردەمێک بوو کە وەک ئێستا نە کورد لە هەموو جێیەک هەبوو، نە ئامێرەکانی پێوەندییش وەک ئێستا زۆر و زەبەند بوون. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو جیهانە نوێیەم زۆر بۆ سەرنجڕاکێش بوو، دڵم هەر لەلای کوردستان و ئازیزان بوو و هەتا چەند ساڵان نۆستالژیا بەری نەدەدام.

هەربۆیە کەمترین نیشانە کە کوردستان و هاوڕێیانی وەبیرهێنابامەوە، سەری دڵی مۆر دەکردم و کاتێک تووشی دەبوومەوە، وەکوو گڵۆپی کارەبا یەکجێ لە زەینمدا هەڵدەبوو. یەک لەو شتانە، وێستگەی "بیر حەکیم"ی مێترۆی پاریس بوو. وێستگەیەکی دیکەش هەبوو بە ناوی "سەن لازار". خاتوو کەژاڵ عەبدولی کە پاش گەیشتنم بۆ پاریس زۆری ئاگا لێم بوو و ڕێنوێنیی دەکردم، دەیگوت بە "سەن لازار" هەمیشە "لالەزار"م وەبیر دێتەوە. دەمگوت ئەمنیش بە "بیر حەکیم" کاک حەکیم!

**

کاری یەکەمی کاک حەکیم لە حیزبی دێموکراتدا پاراستنی سەری ڕێبەرانی ئەو حیزبە بوو. لە دوکتور قاسملووڕا بگرە هەتا عەبدوڵڵای حەسەن زادە کە لە نزیک بە سێ دەهەی ڕابردوودا شەو و ڕۆژ لەگەڵی بوو و بۆ وی هەم هاوڕێ بوو، هەم کوڕ بوو، تەنانەت هێندێک جار بابیش! لە بەرگی ئیسکۆرتیدا، حەکیمزادە زۆر بەهەیبەت بوو. دەمگوت بە شێوە لە شێوەی "سەباح میرزا" دەکەی و وەک ویش بەسامی، بەڵام ئەو خوێنمژە تۆ خوێنبەخش!

لە کارەکەیدا بەتایبەت بۆ چوستی و نەزم و وشیاری و نهێنی پارێزی، وەک سەعات دەقیق و وەک شاخ قایم بوو. بەهاری ١٣٩٨ کاتێک کاک کارۆ ڕەسووڵی داوای لێ کردم وانەیەک لەسەر ئێتیکێتی ئەمنیەتی بۆ پەلی پارێزەرەکان بڵێمەوە، لە سەرەتای قسەکانمدا گوتم ئەگەر لەم کارەدا هەموو شتێک وەک مستەفای حەکیمزادە بکەن، پێویستتان بەو دەرسە نابێ.

لەپشت ئەو سام و هەیبەت و ڕێکوپێکییە بەڵام مرۆڤێکی دڵپاک و بەئیمان و خاکەڕا هەبوو کە بە شێوازی ژیان و هەستان و دانیشتنی زۆرتر وەک زاهیدێک دەچوو، بەتایبەتی کاتی خزمەت کە هەرگیز نەماندەزانی چ دەخوا و کەنگێ دەخەوێ..

لەگەڵ ئەوە کە بەهۆی تەمەن و کەسایەتی و رابردووی خۆی، ڕێز و ئۆتۆریتەی شیاوی کەسێکی پایەبەرزی بۆخۆی دروست کردبوو و ئەمنیش هەمیشە بە "فەرماندە" بانگم دەکرد، کەچی دڵگەورەیی و دڵسۆزیی بێسنوور و بێچاوەڕوانیی وی بۆ ڕێبازەکەی لەسەرەوەی ئەو شتانە بوو. هاوینی ٢٠١٧، کە هەم بابم و هەم سکرتێری ئەودەمی حیزب بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەرەوەی وڵات بوون و ئەمنیش ئەودەم جێگری سکرتێر بووم، سەرەڕای تکا و ڕەجای زۆرم لە کاک حەکیم کە پێویستە ماوەیەک بحەسێتەوە و ئەمن شیاوی ئەوە نیم ئەو لەگەڵم بێ، بە قسەی نەکردم.

حەکیمزادە مرۆڤێکی ئارام و لەسەرەخۆ بوو. باوەڕ ناکەم لە ژیانیدا دەنگی لە هیچ هاوڕێیەکی بەرز کردبێتەوە. ئەگەر لە شتێکت ناڕازی با یان ڕاڕایی و لاوازیی تێدا بەدی کردبای، هیچی نەدەگوت، تەنیا بە نیگا تێی دەگەیاندی کە نابێ وابی. هەر ئەوەندەش بەس بوو بەڕوویدا شێلگیر و ڕووخۆش دەرکەوی هەتا دەمودەست دنیای لێ ڕوون بێتەوە و لە قاقا بێدەلیلەکانی، بەزیادەوە بەشت بدا.

وێستگەی "بیر حەکیم"ی مێترۆی پاریس، کەوتبووە ژێر پردێک بە هەمان ناو لەسەر ڕووباری سێن. هەر کاتێک بەپێیان لە دەوروبەری پاریسی شازدە بخولێیەوە، ناچاری یان پێت خۆشە بەسەر پردی "بیر حەکیم"دا بڕۆی. لەسەر ئەو پردەش هەموو جارێ تارمایی کاک حەکیمم دەدی و شێوەی ویم دەهاتەوە بەرچاو. وێکچوونی "بیر حەکیم" و "کاک حەکیم" تەنیا لە ناوەکانیاندا نەبوو، بەڵکوو هەردووکیان هێمای یەک شت بوون، ئەویش خۆڕاگری لە خەباتی تاراوگە لەپێناو ئازادیی نیشتماندا. ناوی ئەو پردە لە موقاوەمەتی شازدە ڕۆژەی ئازادیخوازانی فەڕانسە لەنێو چەقی سەحرای لیبییەوە هاتووە کە ساڵی ١٩٤٢ لە بەرامبەر هێرشی فاشیست و نازییەکاندا و لە شوێنێک بەناوی "بیرحەکیم" بەڕێوە چووە کە کۆنە سەرچاوەیەکی وێڵکراوی لێ بووە. لەسەر لەوحێک کە بۆ ڕێزگرتن لەو جەنگاوەرانە لەسەر پردی بیرحەکیمی پاریس دانراوە نووسراوە، ئەو شەڕە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە فەڕانسە لە شەری دووەمی جیهانیدا هیچ کاتێک لە بەرەنگاری و خۆڕاگری نەوەستاوە. کاک حەکیم وەک بیر حەکیم کانیاو بوو، وەک بیرحەکیم کانیاوێکی بێناز بوو، وەک بیرحەکیم هێمای نەوەستان و خۆڕاگری لە ساڵەکانی تاراوگە و سەحرانشینیدا بوو.

کاتێکیش کاک حەکیم سەردانی پاریسی کرد، باری سەنگینی هەموو ئەو حەسرەت و خولیایانە بە کۆڵەوە، یەکەم کاری سەردانی مەزاری ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکڕات لە گۆڕستانی پێرلاشێز بوو.

**

مامۆستا ئاشق ئیسماعیلیی شاعیر کوڕێکی بەهەست و بەبەهرەی هەیە بە ناوی ئارام. ئارام لە سوئێد بۆ نووسینی سکریپتی سینەما دەیخوێند. چەند ساڵ لەمەوبەر نۆڤڵێکی بڵاو بۆوە. نۆڤڵەکە بەسەرهاتی پێشمەرگەیەک دەگێڕێتەوە کە بەتەنیا لەنێو گوندێکدا گەمارۆ دەدرێ و بە ئازایەتی و قارەمانەتیی خۆی دەربازی دەرەوەی گوند دەبێ. لە کاتێکدا دنیا تاریک بووە و مەترسیی ئەوە کە مرۆڤکوژەکان بتوانن بیدۆزنەوە دەڕەوێتەوە، پێشمەرگەکە لە بێشەڵانێکدا خۆی مات دەکا. کەچی ڕاست لەو کاتە ناسک و لەو شوێنە نالەبارەدا، ڕەشمارێکیش دە لاقی پێشەرگەکە دەهاڵێ و بە چزووی خۆی گیانی لێ دەستێنێ.

مستەفای حەکیمزادە پاش دەربازبوون لەو هەموو شەڕ و بەرەنگاری و مەترسییە کە ئاخرینیان موشەکبارانی قەڵای دێموکڕات بوو، ئەوجار سروشت لە ڕێگای پەتای کرۆناوە بەربینگی پێ گرت. نەخۆشیی گورچیلە وای کرد کە بەداخەوە هەر لە ئەووەڵەوە زۆر هیلاک بێ. کاتێک لە نەخۆشخانەی کۆیە چوومە سەردانی، لاقم ماچ کرد و خاترجەمم کرد کە ئێمە هەموومان باشین و چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆین. بەردەوام لە هاوڵەکەی و لە حیزبی دەپرسی. دەیانگوت بەردەوام پرسیاریش دەکا ڕەمەزان کەنگێیە؟ ڕوحیات و ڕوانین و قسەکانی، ئیمان و وەفاداری بە کاروانەکە و سارەبانەکانی لێ دەباری. ئەو ڕۆژەم وەبیر هاتەوە کە لەگەڵ خوشکە خەجیج مەعزووری و خاتوو ڕۆئیا حەکاکیان لە ستۆکهۆڵم سیمیناری

ساڵوەگەڕی تێرۆری میکۆنۆسیان بۆ دانـابووین. کاتێک بانگیـان کرد هەتا خەڵاتـی بکەن، لـە بەرامبەر وێنـەی ڕێبـەرانی شەهیددا هەر ئەوەندە بوو نوێژی نەکرد.

دوای ئەوە و بەپێی پێوەندییە تەلەفۆنییەکانمان لەگەڵ ئەو دۆست و خزمانـەی لـە نەخۆشخانە ئاگایـان لـێ بـوو، ئومێد و خۆشیی ئێمە لەگەڵ ئۆکسیژنی کاک حەکیم لە هەڵکشان و داکشاندا بوو. بەڵام وردە وردە ئاسمان بەرەو ساماڵی چوو: ئـەو هەواڵانەی کاک حەمەڕەسووڵی کەریمی پێی دەدام دڵخۆشکەر بوون، بەچەشنێک کە ڕۆژی گەڕانەوەی کاک حەکیم بۆنێو ئێمە دیاری کرابوو و ئەمن بیرم دەکردەوە کە چۆن  بتوانین جێژنێکی بۆ بگرین.

کەچی بەداخەوە لەپڕ دەرکەوت هەوری ڕەش زۆر دوور نەکەوتبۆوە. لەگەڵ دوو هـاوڕێی مێدیاکار کە پـرۆژەی موستەنەدێک لەسـەر خـەباتی ڕۆژهـەڵاتیـان بەدەسـتەوەیـە دانیشـتبووین گفتگۆمـان دەکـرد. دەیانویست ڕیوایـەتی کاراکتێرەکـانی نێـو ئـەو خەباتە بکەنە هەوێنی فیلمەکە و پرسیاری نموونەی ئەو کاراکتێرانەیان لە من دەکـرد. لـە فکری کـاک حـەکیم وەک یـەکێک لەو کاراکتێرانەدا بووم کە لەناکاو پەیامێک زرمەی لە تەلەفۆنەکەم و ڕمبەی لە هەناوی خۆم هێنا. نەمتوانی بیخوێنمـەوە، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ کاک حەمەڕەسوڵ کرد. بە گریـانەوە پێی گـوتم چ ڕووی داوە... لـەو وەختـەدا ئـەو قـارەمانە دەتگوت منداڵێکی دڵشکاوە جامێکی کریستاڵی لە دەست بەربۆتەوە و جامەکە ورد و خاش بووە...

**

بەیانی زوو بوو. چاوەڕوانی گەیشتنەوەی نەعشی کاک حەکیم بووین. هاوڵەکەی بـە تـەنیا قـەدەمی لـێ دەدا. بـۆ یەکـەمجار لـە ژیانمـدا هەسـتم کـرد کـە ئـەو لـە شـتێکدا تـەنیا ماوەتـەوە. کـاتی بەخاکسپاردنی "حـەکیم" لـە گـۆڕسـتانی شـەهیدانی دێموکڕات، قسەکانی خاتوو عیسمەتی هاوسەری ئەوەندە جوان و هیوابەخش بـوون و دواتـر هاوخـەمیی هاوڕێیـان و خـەڵکی کوردستان ئەوەندە بەربڵاو  بوو کە زانیم بە هەڵە چووم: نە هاوڵەکەی کاک حەکیم و نە هاوڕێکانی دیکەیان هەرگیز لەو ڕێگایەدا بە تەنیا نامێننەوە.

**

تیئۆلۆگی بریتانیایی، هێنری سکات هۆلاند، لەسەر مەرگ پاراگرافێکی هەیە کە ئەوەندە سوکنایی بەخشە زۆر کەس پێیـان وایە شێعرە:


"مردن هیچ نیە. ئەمن تەنیا لە ژوورێکەوە چوومە ژوورەکەی تەنیشتی. (...) ئێمە بـۆ یـەکتر چـی بـووین، بـۆ هەمیشە هەر ئەوە دەمێنین. هەر بەو جۆرە ناوم بێنن کە هەمیشە ناوتان هێنـاوم. هەر بـەو جـۆرە لەگـەڵم بـدوێن کە هەمیشە لەگەڵم

دواون. تۆنی دەنگتان مەگۆڕن. ڕەسمی مەبن. خۆتان دڵبەخەم پیشان مەدەن. بەردەوام بن لە پێکەنین بەو شتە بچووکانەی وە پێکەنینی دەخستین. بژین. بزەتان لەسەر لێو بێ. بیر لە من بکەنەوە. دووعام بۆ بکەن. با ناوی من لە ماڵێ هەمیشە بگوترێ، هەروەک پێشتر دەگوترا، بەبێ حەسرەت، بەبێ خەفەت. ژیان هەمان مانای هەیە کە هەمیشە هەیبووە. ژیان هەر ئەوە دەبێ کە هەمیشە بووە. بەندی نێوانمان نەپساوە. بۆ دەبێ لە بیر و خەیاڵتان بچمە دەر؟ تەنیا لەبەر ئەوەی لەبەرچاوتان نەماوم؟ چاوەڕوانم. ئەمن دوور نیم. تەنیا لە لایەکەی دیکەی ڕێگاکەم. دەبینن؟ هیچ نەبووە، هەموو شتێک باشە".

بۆ هەرگیز لەبیر نەکردن و هەمیشە لەبیرمانی کاک حەکیم...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠٢١

## بنەماڵەی سەربەرز و نیشتمانپەروەری حەکیمزادە!



**هاشم رۆستەمی**

**تێکۆشەرانی دێموکرات!**

**هەواڵی کۆچی ناوەختی کاک مستەفا، هەموومانی تاساند. حەکیم هی هەموان بوو. بەم بۆنە خەمناکەوە لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی دەڵێم بە بنەماڵەی بەرێز و نیشتمانپەروەری حەکیمزادە و خۆم لە خەمیاندا بە شەریک دەزانم. هاوخەمی سەرجەم تێکۆشەرانی دێموکڕاتم. روحی شاد بێت و ئێوە و سەرجەم ئازیزانی سڵامەت بن. یاد و ناوی کاک مستەفا لە ناو دڵماندایە. هیوای سێبوری بۆ هەموو لایەک دەخوازم. خەبات و تێکۆشانی حەکیم و باقی ئەندامانی تێکۆشەری بنەماڵەی نیشتمانپەروەری حەکیمزادە، ئەو بنەماڵەیان کردۆتە نموونەیەکی بەرزی نیشتانپەروەری و فیداکاری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەماندا. هەزاران سڵاو لە روحی پاکی ئەو پیاوە دەست و دڵپاکە. کاک مستەفا حەکیمزادە ناسراو بە حەکیم، سیمای راستەقینەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو. هەموو خسڵەتە بەرزەکانی پێشمەرگەی لە خۆدا کۆ کردبوونەوە. ئەو پێناسەی پێشمەرگەیەکی راستەقینە بوو. دلسۆز، ئازا، بە بیر و باوەر، رازدار و ئەمین، دڵ و دەروون پاک، پاک لە هەموو روویەکەوە. خۆش بەرخورد و .... ئەوانە چەند نمونەی چووک بوون لە خسڵەتە بەرزەکانی کاک حەکیم.**

**هەزاران سڵاو لە یاد و ناوی ئەو تێکۆشەرە ماندووی نەناسە.**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١**

## پرسە نامە



مەلا ڕەسول پێشنماز

بەداخێکی گرانەوە هەر ئێستا خەبەری مەرگی پێشمەرگەی دێرین و دۆستی زۆر خۆشەویستم کاکە مستەفای حەکیم زادەم لە مێرگەپانەوە پێ ڕاگەیاندرا و بوو بە هۆی نارەحەتی و پەژارەم.

لەسەرەتای گەڕانەوەمان بۆ ناوخۆیی وڵات و بەدەسەلات گەیشتنمان، کاکە مستەفا لەگەڵ نەمر کاک کەریم حەداد لە شاری مەهاباد بۆ ماوەی چەند مانگێک میوای ئێمە بوون و لەوکاتدا من سەرقاڵی پێکهێنانی شوڕای پێشمەرگە بووم، کاک مستەفام وەک پێشمەرگەی شوڕای پێشمەرگە دامەزراندو پاشان لە گەڵ پەنجا پێشمەرگەی دیکە لە شارەوانی مەهاباد بەڕەسمی دامان مەزراند. لە یەکەم ڕۆژی ناسینم هەتا ئاخر ڕۆژەکانی ژیانی پەیوەندیم لەگەڵی هەر بەردەوام بوو. بەڕاشکاو دەڵێم ئەو ئینسانە دڵسۆزی بۆ خاک و وڵات و هەموو دەوروبەری نمونەی سەداقەت و ئەدەب و ڕاستی و دروستی بوو، پێموا نیە لە تەواوی ژیانی پێشمەرگایەتی دا دڵی هیچ کەسێکی ئێشاندبێ و بۆ هەرکەس کە لەگەڵی بایە قەڵایک و پشت و پەنایەک بوو بەتایبەتی بۆ برای بەڕێزم و ڕەفیقی هەموو دەورانی ڕۆژە سەختەکانی ژیانم مامۆستا مەلا عەبدوڵای حەسەنزادە گەورەترین و بە ئەمەگترین پشتیوان بوو، هەربەو هۆیەوە لە پێشەوە هاوخەمەی و هاودەردی خۆمی پێ ڕادەگەینم و خۆم بە شەریکی غەمی دەزانم. لە قوڵایی دڵەوە پرسەو سەرەخۆشی لە هاوژین و منداڵە ئازیزەکانی و تەواوی خزمسن و دەوروبەریان دەکەم و هیوادارم ئاخری غەمی ژیسنیان بێ و کاکە مستەفاش خوای گەورە بە بەهەشتی بەرینیناژڵ بکا.

دڵسۆزتان مەلا ڕەسول پێشنماز - سوئێد وێستروس ٢١ - ٥ - ٥

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

## باوەڕ بەو مەرگە ناکەم




**ئەحمەد رەحمانی**

چۆن قاقاکانی حەکیم هەڵدەوەرن، ئەدی گوێمان لە قاقا و پێکەنینی کێ بێ ئەمجارە، چۆن لەم غوربەتە لە ڕێی تەلەیفوونەوە گوێم لە قسە خۆشەکانت بێتەوە، کێ بێ بە سیما و قەڵافەتی پێشمەرگانەوە لە پشت ڕێبەرانمان وەکو قەندیل دەربکەوێ...

باوەڕ بەو مەرگە ناکەم

خۆ چەند ڕۆژ لەمەوبەر بوو لە گەڵ باجی عیسمەت قسەم کرد و گوتی دەڵێن حەکیم حاڵی زۆر باشە، گوتم ئای باجی عیسمەت چەندە بیری قاقاکانی حەکیم و قسە خۆشەکانی دەکەم، گوتی با حەکیم بێتەوە ماڵێ تێر تێر قسانی لە گەڵ - بکە...

باوەڕ بەو مەرگە ناکەم

باوەڕ ناکەم حەکیم نەیەتەوە ماڵەوە و کۆڕی گەرمی هاوسەنگەرانی نەڕازێنێتەوە، هەموومان ئەو ماوەیە بۆی دەست و نزا بووین، دەپاراینەوە کاکی کاکانمان بە تەندروستیەوە بگەڕێتەوە...

هەی هات ئەم هەواڵە چەند جەرگبڕ بوو، ئێمەی تاساند لە جیاتی فرمێسکی ڕوون بۆ کاکە حەکیم فرمێسکی خوێنینمان هەڵوەراند، لێوەکانمان وشک بوونەوە، لە ناخی خۆماندا کەوتینە ئازار و خەمی خۆ خواردنەوە.


باوەڕناکەم بەو مەرگە

باوەڕناکەم بەو مەرگە کە حەکیم لە نێو ئاپۆڕای خۆشەویستی خۆماندا نەبینینەوە، هەر چەند دەکەم دڵم نایە بڵێم مەرگ لە ئامێزی ئێمەی ڕفاندی.

گیانت ئارام لە پەپوولە پەپوولە تر حەکیم گیان

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

**رووحت شاد کاک مستەفای حەکیمزادە.**



**ئای کە چەند بەژانە وەرینی ئەو گوڵانەی رازێنەری گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانمن. رووحت شاد کاک مستەفای حەکیمزادە، پێشمەرگە خۆڕاگرەکەی کوردستان.**

**بێبەش پیرۆتی**

**پەتا**

دەمامکم ناوەتە سەردەم خەیاڵیشم

بۆوەی کاتێ هاتە ژوانت

گەڕا لە نێو هەواری سەوزی چاوانت

نەژاکێ گوڵپەڕی کۆڵمت

لە باگڕەی نێو هەناسەی

لە چیرۆکی پڕ حەماسەی.

ئەو پەتایە

هەر چیایە بەرگەی دەگری

زۆر دەترسێم

زمانم لاڵ

پێی هەڵوەری.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

## مەرگی گوڵێ، سەدان ژیان دەڕوێنێ



محەممەدی فەقێ عەلی

وەرینی گوڵ، هەنگ بێ شیلە و پەپولە بێ ساباتی جێژوان و بولبول بێ یارو سروشت بێ ڕەنگ و شەماڵ بێ بۆن و بەرامە دەکا

بۆیە بە مەرگی گوڵێک هەرهەمویان خەمینن.

کە گوڵ وەری، هەگبەیەک تۆو وەک دیاری، بۆ خاک ئەبا، ئەم دیاریە، بۆ لەدایکبونەوەی ڕەنگەکان و بۆ وروژاندنەوەی بۆنەکان و پرشیلە کردنەوەی قۆچیلە ڕەنگاوڕەنگەکانی پەلکە ناسک و زەریفەکانە.

لێرەوە ژیان دەست پیدەکاتەوە

مەرگی گوڵێک لە دایکبونەوەی دەیانتری بەدواوە

مەرگی هەر شۆڕشگێڕێکی وڵاتی منیش، دڵخەمین و لێو بەبارمان دەکا، بەڵام پیرۆزی ئامانجەکانی و ڕێ و ڕێبازی پڕ لە سەروەری، دەبێتە هاندانێک بۆ دەیان ڕێبواری تازە و سوورتربوونی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی وەدینەهاتوویی.

----

بەڕوو سەرئەکا بەخاکا

بۆوەی لە دوارۆژا

دارێ بەرز بەرز باڵا کا.

-----

مەرگی تێکۆشەری خۆشەویست و جێگای باوەڕ و متمانەی شۆڕشگێڕانی دیمۆکرات ئەمڕۆ هەرهەموومانی داخدار کرد.
ئەوە نیشانەی گەورەی و خۆشەویستی ئەم گەورە مرۆڤەیە، کە هەر یەک لە ئێمە بە ماڵاوای یەکجاری خەمبار و دڵگران دەبین.

بەڵام دڵنیام ئەو تێکۆشەرە هەر وەک چۆن لە دێرزەمانەوە لە بنەماڵەکەیان دا تێکۆشەرانی خۆشنا و ئازاو لە خۆبردوو بوونەتە مامۆستا و ڕێنیشاندەری هەزاران ڕۆڵەی نیشتیمانەکەمان و بە تایبەتی حەکیمزادە و حەسەنپوور و حەدادەکان یەکێک لەو بنەماڵانەن کە لە ناو شۆڕش و کوردایەتی و بەربەرەکانی و گیانبەختکردن لەم ڕێگەیە دا بوونەتە بنەمایەکی کولتوری خۆڕاگری و بەربەرەکانی و بەگژداچوونەوە و یاغی بوون و ڕاپەڕین لە ئێش و ئازارەکان.

کە ئاوڕیک لە مێژووی بنەماڵەی سەربەرزیان بدەینەوە دەیان شۆڕشگێڕ و تێکۆشەری گیان بەختکردویان ئاویتەی کاروانی لە پسان نەهاتوو شەهیدانی نیشتیمانەکەمان بووە و ئەگەریش لە پەرێزی پڕ لە پیت و بەرەکەتی خەبات و بەرخۆدانی ئەمڕۆییان بڕوانین، هیوامان بە ئازادی و سەرکەوتن چەند قات دەبێ، ئەوتا دەیان کەس ئێستاش لە کوڕان و کچانی ئەم بنەماڵە خۆشەویستانە هەروا لە سەرنگەری بەرەوپێشچونی خەباتی نەتەوایەتی دان و بۆ چرکەساتێکیش بیر لەوە ناکەنەوە کە سرەوتنێک بەر لە سەرکەوتن هەبێ.

-----

لە ناخی دڵمەوە سەرخۆشی خۆم سەرەتا لە بنەماڵەی بەڕێزی حەکیمزادە و حەسەنپوور و حەداد دەکەم و پاشان لە خۆمان و تێکۆشەرانی دیمۆکرات و خەڵکی شاری سەردەشت و هەمو ئەویندارارن و دۆستان و لایەنگرانی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.
ڕووحی کاک مستەفا حەکیم زادە هەر شاد و ڕێگای ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ.


محەممەدی فەقێ عەلی

٢٠٢١/٥/٦

ئوتریش

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## لە مەرگی پێشمەرگەیەک دا کە غەریبانە باڵی گرت وکۆچی کرد.



ئەحمەد شێربەگی

کاتێک بیرم لە کاک مستەفای لە دلان شیرین دەکردەوە ئێرەییم پێدەبرد کە ئەوهەمووە پاکی وراستیی و ئیمانە چون توانیبووی هەناوی ئەم مرۆڤە دڵپاکە بتەنێ ولەو دڵەدا جێگای بێتەوە؟ کەسێک کە کانگای ئەوگشتە وزەو ئیمانە بە کوردستان وبە خاک وبە مرۆڤ بوو. لە هەمووژیانی دا نەمدی نە کەس لێی برەنجێ ونە کەسیکشی رەنجاند بێ. پێشمەرگەیەک کە پەنگاوی خورادبوە لە بەخشین و سەخاوەت و وەفاداریی بە رێبازی شەهیدان و بە ئازادیی کوردستان.

هاورێ
لە پێچو خەمی رۆژدا
کاتێک رۆژاوا لە بناری ژیلوان لە دایک دەبوو
من تریقەی پێکەنینەکانتم لە قەندیلەوە دەبیست
لە برەم برەمی شاخ دا
لە گەڵ هەموو شادی وخەمەکان
لە گەڵ هەمووهەورازو نشێوەکان
لە گەڵ هەموو کەمی وزۆریەکان
بە یەکەوە ئەسپی شۆرشمان زین دەکرد
ئەوکاتەش
فرمێسکت بۆ شەهیدبوونی رێبەرەکانت هەڵدەوەراند

قڵپی گریانت لە ئەوکی مندا دەتەقاندەوە

حەسرەت لە قەفەسەی سینگم دا وەک خوێنی گۆڕغەریبەکانمان دەمەیی

هاورێ

تۆ ئەویندای خاکە ڕای ئەم خاکە زامدارە و ڕێبواری بەخشەندەی ئەم ڕێبازە پڕ لە لێدان وترپەیە بووی

گوڵەمێلاقەی خاکێک بووی کە لەودا ڕوایی و لەویشدا ون بووی

تۆ ئەم ئەوینەت زۆرخۆ نەویستانە لە گەڵ ئەوینی نیشتمان گرێ دا

هاورێ

نازانی بەم چوونەت چ خەمێک لەدلی مندا تاوڵی هەڵداوە

خەمێک کە خۆی خەمناکە لەم غەریبستانی تاراوگەیی دا

دواجار کە دیتمی

بۆنی هەیبەت سوڵتان و باواجیت کردە دیاریم

وەک بەفری قەندیل تەبەق تەبەق کەوتبووەسەر یەک

بە کۆلەبارێک ئازاری ڕێبەرانی شەهیدی خەوتووی پێرلاشێزتەوە...

ڕۆژهەلاتم تێدا بەدی دەکردی

سەفەرت ئۆغر پێشمەرگە دڵاوا و بەخشەندەکە

سەفەرت ئۆغر..

.....

..سەرەخۆشی لە باجە عیسمەتی وەفادارتر لە کاک مستەفای هاوژینی و لە کچە تەوارەکانی و لەبنەماڵەی شۆرشگێریی حەکیم زادە و لە هەموو هاوسەنگەرانی دەکەم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## لە هیجرانی پێشمەرگەیەکی بەباوەڕ و باوەرمەندێکی پێشمەرگە!




**ڕەحمان حەسەن زادە (شیوەسەڵی)**

"ئەرێ، حەکیمێ بێنن دەست لەدڵم نێ، یان شیفام بدات یان لەگلم نێ..."

بـۆ دەردو زامـی هـەمووان "حـەکیم"و دەواو دەرمـان بـووی بـەڵام، بـە هـەمووان بـۆعیلاج و دەرمـانی ژان و زامـی تـۆ دەستەووەستانین.

بۆ خۆت دەتزانی کە یەخدانی پڕ لەیادگاری و رازەکانی دەورانی رابردووت لە گەڵ یارانی گیانی بەگیانی شەو و رۆژت، کە تا دوا هەناسەی ژیانت پێیان وەفادار بـووی و لـەبیرت نـەکردن، لای من وەک چاوی خـۆم پـارێزراو بـوون. لـە دوادیدار لـە خزمەتتدا لە مالێ خۆمان هەمووم نیشاندای، ئای کە چەند بەحەسرەتەوە، بەدیتنیان بـەناخیان دا شۆربوویەوەو دونیایـەک بیرەوەری نەبیسراویی ئەوکاتـانەت بەفرمێسکی قەتیس ماو لەچاوە گەشەکانتدا بـاس کـردن....! "ڕەحمـان گیـان، تـۆ مـەرگی برایمی، ئەویادگاریانەم بۆبنێرە، کە گەرامەوە کوردستان - کۆیە". داخی ئـەوە دەمکووژێت کە هـەر قـەراربوو بۆتیـان بنێـرم و، تەنانەت کـاک کـەماڵی حەسەنپور جارێک فەرمووی بۆمنیـان بنێـرە، هەموویانی بـە ئەمانـەتەوە پێدەگـەینم. قـەت من هێنـدە کەمتەرخـەم نـەبووم و هـەرگیز پێموانـەبوو کـە وازوو سـەفەری ئەبـەدی دەکـەی و بـەداخی زۆرەوە و دان بەجـەرگ خۆداهێنان پاش مالئاوایت ئەویش بـەپارێزو چاوبرینـایی نەهاتن یادگاریـە جوان وبەنرخەکانتان بێنمە بـەر دیدو چـاوی دۆست و یارانی دڵ بریندار!

ئاخر دەزانی، ئەوبرینەی کە کوردگووتەنی بزمارەی کردبوو، سەرلەنوێ بۆ من و تێکرای بنەماڵەو خزمان لەناوخۆ بە

قوولتری برینداربووە و سارێژبوونی دووبارەیی تەنانەت کاتیشی، ئاستەم و دژوارە و حەکیمی خۆی دەوێت....!

یادگارو پاسەوانی سەروەریەکانی هاوچەرخ، کاک مستەفای حەکیمزادە، "حەکیم"ی خۆشەویستی خۆنەویست، ئەمین و رازدارەکەی نەسڵی سێهەمی ئەم بزوتنەوەیە، ئەو نەسڵەی کە هێرشی هەمە لایەنەی بەرەی دژی کوردی دیوەو راوەستاوەو موقاوەمەتی کردوە، چەندەی لە هەڵسووکەوت دا ئارام و مەتین بووی، ئەوەندەش ئارام بنوو، چۆن ویژدانت لە ئاست رۆژگارو نەتەوەکەتدا ئاسوودەیە...

ڕووحی بەرزو دڵی پڕ لە هیوات ئارام، یادت هەرمان و سەنگەرت ئاوەدان. وێرای هاوخەمی، هیوای سەبرو سێبووری بۆ هاوژین و یاری بەوەفای غارت، خوشکی گەورەم عیسمەت خانم، جگەرگۆشەکانت و تێکرای بنەماڵەی بەرێزی حەکیمزادە و حەسەنپور، هاوڕێ و هاوسەنگەرانت و سەرجەم ئەوانەی دڵیان بۆ ئازادی و سەربەستی لێدەدات دەخوازم.

براو هاوڕێی دێرین و ئازیزی باب وخاڵەکانم، خاڵی خۆشەویستی من، کاک حەکیمی مەندو هێدی و موتەوازیع:

زۆر دەمێکە، بەوەفاو سەنگینی و مێهرەبانیت ئاشنام و هەر لەحافیزەی بیری منداڵیم را، تا هەتایە بە بەردەوامی لە خانەکانی زەینمدا، لە گەڵ بیر و بیرەوەریمدا دەژی و ئەبەدی دەبی.

دواجار، بە قەت دژواری ڕێگات و پشوو درێژیت لە خەباتدا بۆ ئازادی، بە قەت پاکی و سەداقەت و متمانەت بەپەرۆشین ئەی باوەڕی پاک و پاییزی ناوادەی سەر بیرو هزرم.

لەگەڵ ڕێز و حوورمەت، هاوژان و هەڵگری باری خەم و بەشداری ماتەمتان، ڕەحمان حەسەن زادە (شیوەسەڵی)

٥ - ٥ - ٢٠٢١

## ماڵئاوا تێکۆشەری لێو بەخەندە




رەحیم رەشیدی

مخابن، دوێنێ رێکەوتی ٥ی مای ٢٠٢١، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، تێکۆشەرێکی دیکەی کوردستانی بە نارەوا لێئەستاندین.

بۆ ئێمەومانان کە لە نزیکەوە کاک مستەفا حەکیمزادە ناسراو بە کاک حەکیمان دەناسی، هەواڵی کۆچی دوایی ئەو تێکۆشەرە خاکی و خەڵکییە، زۆر بەژان و دەردهێنەرە.

لە ماوەی پێشمەرگایەتیداو پاش ساڵی ١٣٧٥ هەتاوی، بەرانبەر بە ١٩٩٦ی زایینی، ئەو کاتەی کادری پەروەردەی هێزی پارێزگاری سکرتاریای حیزب بووم، لە نزیکەوە کاک حەکیمم ناسی. ئەو نەمرە پیاوێکی رووخۆش، پاکوخاوێن، لێوبەخەندە، رێکوپێک، نهێنیپارێز، پڕ لە ئیمان و وره بوو.

لەو سەردەمەدا هەر رۆژە لە زونی سەوز، تێکۆشەرانی رۆژهەلات، لە لایەن دەسەلاتی پەتوسێدارەی ئێرانەوە تیرۆرو بێسەروشوێن دەکران، کاک حەکیم، لەبەر دلسۆزی و نرخدانان بۆ گیانی پێشمەرگەکان، سەرتاشخانەیکی بچووکی لە نزیک سکرتاریا کردبووەوە، خۆبەخشانە قژو پرچی پێشمەرگەکانی کورت دەکردەوە. ئەمە جیا لە خزمەت بە پاراستنی گیانی پێشمەرگەکان، بۆ ئەوەی نەچنە کۆیەو شوێنەکانی دیکە بۆ پرچ کورتکردنەوەو بەم جۆە ژیان و گیانیان نەکەوێتە بەر مەترسی تیرۆرو رفاندن، هاوکات هەنگاوەکەی لە باری ماڵییەوە بۆ پێشمەرگەکان کاریگەر بوو، چوونکە ئێمە جیا لە یارمەتییەکی کەمی مانگانەی حیزبی، بە شێوەی بەردەوام هیچ سەرچاوەیەکی داهاتمان نەبوو.

حەکیمی خۆشەویست، لە ماوەی نزیک بە ٤٠ ساڵدا، ئەرکی سەرەکی پارێزگاری راستەخۆی لە سکرتێرە یەک لە دوای یەکەکانی حیزبی دێموکرات لە ئەستۆ بوو. حەکیمی نەمر، جیا لەوەی ئەرکە قورس و پڕ لە مەترسییەکەی، ڕووسوورو سەرکەوتوو بەرێوە برد، هاوکات هەموو کات وەرەبەخشی هاوکارو خوشک و برا پێشمەرگەکانی بوو.

لەم یادە تاڵەدا، پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی حەکیمزادەو گشت تێکۆشەرانی دێموکرات دەکەم.
یادی و ناوی ئەو نەمرە بە بەرزی و بەرێزی دەمێنیتەوە.
رووحی پاکی کاک حەکیم ئارام، کوردستان ڕاوەستا بێ و سەنگەری خەباتی پڕ شکۆی کوردایەتی ئاوەدان

ڕەحیم ڕەشیدی، واشنگتن

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## دەردی گرانم کوڕە باشەکان و ماندوونەناسەکان هەر دێین و دەورمان چۆڵ دەکەن



**خالید وەنەوشە**

کاک مستەفا حەکیمزادە پێشمەرگەی ،هەموو تەمەنی خۆی لە پێناو بەدەستهێنانی بەختەوەری بۆ خاکی کوردستان و بۆ گەلە غەدرکلێکراوە کە شەو و شەو نخوونی کێشا و ئارەقە و ماندووبوونی بۆ کرد و یاری هەر دەمی پاریزگاری کردن لە ڕێبەرانی حیزب و کۆڵێک خۆشەویستی لە ڕیگای دەستەبەری ئازادی بەختی ڕیبازی کوردایەتی شەهید بوون و خۆشی کەسیکی ئارام و لەبەر دڵان و خۆش مەشرەف و سرنج ڕاکێش بۆ هاوڕییەتی جیاواز لە ئەویکە ئەو هەموو ساڵانە بەیەکەوە هاوسەنگەر بووین و دەساڵیش بەیەکەوە جیران ماڵ و تەنیا بولیکی بیست سانتیمیتری نیوانمان بوو و ئەگەر هەرلایکمان بەڕیک بە بەرزی قسەمان کردبایە گۆییسی دەنگی یەکتر دەبووین و دوو هاوڕی بەماڵ و منداڵ تێکەڵاو بووین و لە هەموو خۆشی و ناخۆشی یەکدا شەریکی حەقیقی بووین و زۆرجاریش بەیەکەوە لەسەفەرەکانی حیزبی هاومائموریەت بووینە.


بە قەولی جەنابی ماموستا حسنزادە فەرمووی ئەوە سەربازی وون نەبوو بەڵکە سەربازی هەر دەمی هەمووڵایک بوو کە هێندەی سفەتی باش و خۆشەویستی هەیە و بەکەس لە نووسین نایێت و منی قەڵەم ویران هەر دەرەقەتی نایێم.

چەندیک لە سفەتە بەرزەکانی پاریزەریکی پاش و وریا ئەمینداریکی حەقیقی و واقعی بە مانایی کەلیمە ڕاستدار و دەست و دەم سڵامەت و داوێنپاک و ڕاستگۆ و زەحمەتکێش وزۆرسفەتی بەرزی دیکە.

بۆیە دەڵێم حەکیمزادەی پیێشمەرگە سەفەرت ئۆغر بێت و ڕووحت شادبێت برا و هاوڕیم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠٢١

## یادت بەخێر کاک حەکیمی هەمیشە ئازیزی هاوڕێیانت



شەونەم هەمزەیی

کاک قادر وریا لە شوێنێکدا ڕستەیەکی جوانی ئیهاماویی هێنابوو: "کاک حەکیم، ئەو کەسەی هەمووان سەری پێ دەسپێرن". لەم ڕۆژانە و بەداخەوە لە دوای کۆچی کاک حەکیم بەشی دووری ئەم ئیهامە زۆر ئاماژەی پێکراوە، واتە پارێزەر بوونەکەی، ئەوەی کە گەورەکانی ئەم شۆڕشە سەر و گیانی خۆیان پێ دەسپارد.

بەڵام بەشە ڕواڵەتییەکەی ئەم ئیهامە کە زۆریش قووڵە، ئەوەیە کە کاک حەکیم سەرتاش بوو. سەرتاشێک کە نە تەنیا باوکانمان سەری خۆیان پێ دەسپارد، بەڵکوو سەری جگەرگۆشەکانیشیان دەخستە بەر دەست و مقەست و شانەی کاک حەکیمی ڕێکوپێک کە بۆمان و بۆیان ڕێکوپێک بکا.

کاک حەکیم لە قەندیلەوە دەستی لە پرچ و ڕیشی هاوسەنگەرەکانی وەر دەدا و هەتا ئەم دوایین ساڵانەی تەمەنیشی بەردەوام بوو لەم کارە پیرۆزەیدا، کە نەک وەک کار ناوی نەدەهێنا، بەڵکوو بە ئەرکی خۆی دەزانی. ئەویش بەبێ ئەوەی کە تەنیا فلسێک وەر بگرێ، دەیان و بگرە سەدان دەفتەری هەبوو و دوای کارەکەی بەو دەنگە دلێر و پڕ لە مێهرەبانییەیەوە دەیکوت: "ئاو و شۆڕەتی خۆت و ئیمزایەک و سپاسێک و هیچی دیکەم لێت ناوێ".

ئەم کارەشی لە دەلاقەی خزمەت بە بزووتنەوە و حیزب و وەفاداری بە خوێنی شەهیدانەوە دەبینی.
وێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قەندیل و ئەو کاتەی کە سەری منی منداڵیشیان پێ سپاردبوو.

یادت بەخێر کاک حەکیمی هەمیشە ئازیزی هاوڕێیانت

----------------------

هەندێک مەرگ، پێنووس شل دەکەن
هەندێک مەرگ، دڵ دەهەژێنن
هەندێک مەرگ، هەوری خەفەت بە سەر سەرتدا زاڵ دەکەن
هەندێک مەرگ، بڕستت لێ دەبڕن
هەواڵی هەندێک مەرگیش هەیە، پێت خۆشە ڕاست نەبن.
ئەم کۆچەی تۆ لە تاڵترین ڕاستییەکان بوو، سەرەڕای ئەوەی ئێستا خۆش بوو گوێمان لە درۆیەک بووایە؛ ئەم مەرگەی تۆ لەو هەندانەی سەرەوە بوو و زیاتریش!
ماڵاوا ڕاستبێژ، ماڵاوا ڕاستکردار، ماڵاوا وەفادار، ماڵاوا هاوڕێ، ماڵاوا گەورە، ماڵاوا ماندوویی‌بەزێن، ماڵاوا کێوی ورە و ئیمان!
ماڵاوا ئەی ئەو کەسەی سپیایی سەر و سمێڵت، شەرمی لە ماندوو نەبوونت دەکرد!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠٢١

## بۆ چەند ساتێک بێدەنگی بگەیێنینە زمزیران و سەرچاوەی سەردەشتی



ئازاد عەبباسیان

به خوڕەی کەڵوێ بڵێن بۆ چەند ساتێک بێدەنگی بگەیێنینە زمزیران و سەرچاوەی سەردەشتی شۆڕشگێر،بە شەڵماش بڵێن قامەتی بەرزی ڕابگرێ و کڕنۆش بەرێ بۆ قامەتی حاکمێکی سەرتاپا قامەت و بەووره وەک کەڵوێ و پڕ لە جوانی وەک زمزیران. با لەوێوە ئەو پەیامە بگاتە سلێمانبەگی بانە و ئەویش بینێرێتە ئاربەبا و تیشکی پەیامەکە بگاتە هەیبەت سوڵتان و هەموو پێکەوە بڵێن حاکمی مێهر و وەفا و سۆز،نیشتمان پەیامەکانتی وەرگرت و دڵنیا بوو لە وەفا و سەفات بۆ دەنکی دەنکی خاکەکەی،بۆ جەفا و فیداکاریت لەو ڕێگەدا. حەکیمی شۆڕشگێران،حەکیمی فیداکاران،حەکیمی خۆنەویستان، حاکمی مێهر و ئەمانات،چرکە بە چرکەی ژیان لەو نیشتمانە دا شاهیدیت بۆ دەدەن کە تۆ ئەوە بوویت کە دەتویست.لە ئامێزی بەشێک لەو نیشتمانەدا حەواویتەوە بە ئەمانەت تا کاتێک ڕۆژێک بێت و کیژان و کوڕانی کەڵوێ و زمزیران ڕەشبەڵەک بە دەستە گوڵی شەوبۆوە بێن وبرینی سکاڵای ئە و ماوە غەریبیە بە سۆمای دڵ سارێژ بکەن. تۆ بە دڵ ژیاییت بۆ ئیمانێک کە لەمێژ ساڵان بوو ئیمانت پێ هێنابوو. کۆچت بە ئازارە بەڵام پڕ لە وورە و شانازییە. تۆ دەزانی هاوڕێی لە مێژینەت کە ساڵانێکە بۆ پاراستنیی ژیانی شۆڕشگێری ئەو لە خۆ بردوانە تێ دەکۆشی لە ڕۆژی ماڵ ئاواییت بە ڕەستەیەک پیناسەتی پڕ لە خۆشەویستی کرد و گووتی چی؟

حەکیم هەموو کات خۆشیەکانی منی دەخستە پێش هەموو خۆشیەکی خۆی، بەڵام ئەوڕۆ گلەیی بێت کە ئەم خۆشیەت وەپێش خۆشیەکانی من خست(مامۆستا حەسەنزادە).


ڕۆحی پاکت شاد نمونە و سەرچاوەی ئەخلاقی شۆڕشگێری.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## پرسە



**ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات**

**زۆر بەداخەوە ئەورۆ هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر کاک مستەفا حەکیمزادە بەهۆی نەخۆشی خەمباری کردین و باقی ژیانی پێشمەرگایەتی و خەباتی خۆی بە لاوان و نەوەکانی داهاتوو ئەسپارد. هاوڕێ مستەفا کەسایەتیەکی جێگای باوەڕو بەردێک بوو لەبناغەی پتەوی دێموکرات، هەروەها خۆشەویستی هەموو ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەو دڵسۆزانی حیزبەکەمان بوو.**

**ئەگەرچی کاک مستەفا ئەورۆ بە جەستە لەگەڵمان نەماوە ، بەڵام بۆ هەمیشە لەناو دڵ و دەروونی هەموو دێموکراتێکدا دەمێنێتەوەو هەرگیز لەیادی ناکەین.**

**ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات سەرەخۆشی لە هەموو کەسوکارو خۆشەویستانی بەتایبەتی و هەروەها کادرو پێشمەرگەو ئەندامان و خەڵکی کوردستان بەگشتی دەکات.**


**یادو ناوی بەرزو بەڕێز**

**ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات**

**٥ - ٥ - ٢٠٢١**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١**

## چەند بە ژانە مەرگی تۆ.



**عەلی سوورەچۆمی**


ئەمڕۆ ٥ - ٥ - ٢٠٢١ هەواڵی مەرگی کاک مستەفا حەکیم زادە، دوای بەربەرەکانییەکی سەخت لە گەڵ ڤایرۆسی نەگریسی کرۆنا بڵاو بۆوە.

هێندێک مەرگ جیاوازن، چ لە خەم و ئازار چ لەوەی کە گەلی کورد بەشێک لە ڕۆڵەکانی پاسەوانی ئەوەندە ڕاستگۆو پاک و بێ گەردن کە بە لە دەست دانیان شەپۆلێکی گەورە لە خەم و ئازار سەر هەڵدەدا..
بنەماڵەی حەکیم زادەکان ناوی دیاری ناو شۆڕش و خەباتێکی نەپساوەن بۆ ڕزگاری...
کاک مستەفا تێکۆشەرێکی خاوەن باوەڕ بوو، بە دەیان سیفەت و ئەخلاقی بەرزی شۆرشگێری و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزەوە.
بەو بۆنە ناخۆش و دڵتەزێنەوە سەرەخۆشی دەکەین لە بنەماڵە شۆرشگێرەکەی حەکیم زادەکان و بە گشتی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری.
ئاوات و ئارەزووەکانت بۆ ڕزگاری ون نابن و ڕۆژێک دێت خەون و خوولیای ئێوە لە نێو گەلی کورددا، دەگاتە لووتکەی سەرکەوتن و ئەوکات جارێکی دیکە کڕنۆش دەبەین بۆ ئازایەتیتان.

روحت شاد بێت تێکۆشەری بەوفا.....

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

## مرۆڤێکی دڵپاک، ڕووخۆش بوو



ئازاد بانەیی

پاش زیاتر له مانگێک بەربەرەکانێی سەخت لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا، به داخ و پەژارەیەکی زۆرەوه هاوڕێی ئازیز و خۆشەویستمان کاک مستەفا حەکیمزاده ماڵ ئاوایی یەکجاری لێ کردین. کاک مستەفا یەکێک لەو تێکۆشەره دڵسۆز و پێشمەرگه ئازایانه کوردستان و حیزبی دیموکرات بوو که به درێژایی زیاتر له ٤ دەیه خەباتی گەلی کورد دژ به دیکتاتۆری ئیسلامی، ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی کرده قوربانی بۆ گەیاندنی گەلەکەمان به ژیانێکی ئاسووده و شیاو. دەگمەنن ئەو کەس و بنەماڵانەی که ئاوا به سەخاوەتەوه هەرچی هەست و نستی خۆیانه بخەنه پێناو ئامانج و بیروباوەڕەکەیان. بنەماڵەی سەربەرزی حەکیمزاده و حەسەنپوور لەو بنەماڵه شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن که به دەیان ژن و پیاو و کچ و کوڕی زانا و ئازا و تێکۆشەریان بەوپەڕی لەخۆبووردووییەوه هاتنه ڕیزی خەبات و ڕیبازی پێشەوا و حیزبی دیموکرات. چەندین شەهیدی سەربەرزیان پێشکەشی بارەگای ئازادی کرد. کاک مستەفا حەکیمزاده به درێژایی دەیان ساڵ پارێزەری ڕێبەرانی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی و یار و یاوەری ڕێبەری خۆشەویست مامۆستا عەبدووڵا حەسەنزاده بوو. کاک مستەفا برا و پشتیوانی هەموو تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بوو. مرۆڤێکی دڵپاک، ڕووخۆش و هەموو کات لێو به بزه و پێکەنین بوو. قەت خۆی له هاوڕێ پێشمەرگەکانی جیا نەدەکردەوه. ئاواتی گەورەی کاک مستەفا سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی گەل و وڵات بوو که بەداخەوه مەرگ مەودای نەدا ئەو ئاواتەی بێته دی.

له لایەن خۆم و هەموو بنەماڵەکەمانەوه پرسه و سەرەخۆشی ئاڕاستەی خوشکی بەڕێزم داده عیسمەت، شەوبۆ، سکاڵا، شنه، سۆما و سارێژ دەکەم. هەروەها پرسه و سەرەخۆشی خۆمان پێشکەش به کاک محەممەد، کاک غەفور، کاک ڕەحیم و کاک

کەریم حەکیمزادە و بنەماڵەی سەربەرزی حەسەنپوور و حەداد و عەلیدووست ئەکەم و خۆمان لەو خەمە گەورەیە دا بە شەریک ئەزانین. سەرساخی و سەلامەتییان بە ئاوات ئەخوازین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

---

## تەزووی ساردی مەرگی کەڵە شۆڕشگێڕێک تاساندمی




**تەها رەحیمی**

شۆڕش و حیزبی دیموکرات، زۆر دایکو باوکی پێ بەخشیم، هێندەی دایکوباوکی راستەقینەی خۆم بە غەم و ئازارەکانەوەم بوون، چاویان لێم بوو، چاوم لێیان بوو. لە حیزبدا دەبێ بڵێم تاقە ماڵ و بنەماڵە، ماڵی حەکیم بوو، کە زیاتر لە زۆربەی بنەماڵەکانی دیکە بە هۆی سکاڵای کچی و کەماڵی زاوای پێم لێی کرایەوە و، نە قەت پێم لێ بڕی، نە قەت خۆم بە غەریبە زانی، نە قەت ئەوانیش منیان هەڵاوارد. دیارە رەنگبێ و بەدڵنیاییشەوە من یەکەم کەس نیم و نەبووم، کە قەرزداری دڵۆڤانی و مێهرەبانی ئەو بنەماڵەیە بووە. ئەوەندەی پێشمەرگە بووم، کەمتر وا بووە، پێم لە ماڵیان بڕابێ، قەتیشم نەبینی خۆی و خێزانی نوێژیان بچێ. کە باسی نوێژ دەکەم، بیرتان بۆ نوێژی ئەو ریش درێژ و چڵکن و مەقنەعە لەسەرانەی ئێستا نەچێ، جندۆکە لەوان شەریفترە، نوێژ و تاعەتی ئەوان هی نەوە و بەرەی مرۆڤە ئایینییە نەریتییە جوان و بەئیمانەکان بوون، کە نوێژ کردنیان ئاسوودەیی دەبەخشی بە بێ دین و بە دیندار. ئەمڕۆ دوای ماوەیەک چاوەڕوانی بۆ گەڕانەوەی بەساغوسڵامەتی حەکیم، تەزووی ساردی مەرگی کەڵە شۆڕشگێڕێک تاساندمی. تا ماوەیەک هیچم بۆ نەدەنووسرا، وەک بڵێی پیتەکانیش لێکناکەمەوە. ئەخەر رووداو زۆر بەزەبر نەبێ ناتتاسێنێ. تاسابووم. بەڵام داخ فڕینی

روحی هەڵۆیەکی بەرزەفڕ، بەر لەوەی بنیشێتەوە سەر لانە و خانەی خۆی هەژاندمی. نازانم چ دەنووسم، بەڵام دەزانم هێندەی منداڵەکانی خۆی بۆی بەپەرۆشم. ئەخەر کام پێشمەرگە هەیە، مەیلی کەسوکاری خۆی بە بنەماڵەیەکی دڵسۆز و خاکی و شۆڕشگێڕی نێو رەوتی خەباتەوە نەنابێ و لە خۆشی و ئازار و روحی ئەوانەوە نزیک نەبێ، هەتا کەسوکاری خوێنی خۆی، کە دوای چەند و چەندین ساڵان لێیان نامۆیە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

---

## روحت شاد بێت "حەکیم"ی شۆرشگێر...



**ئیسماعیل ئیبراهیمی**

کاک مستەفا حەکیمزادە "حەکیم" ی خۆشەویست و جێ متمانەی شۆرشگێڕان ئەمرۆ پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ خەبات بۆ رزگاری نەتەوەکەی، بە سەربەرزی چۆوە ئامێزی ئاخی پیرۆزی کوردستان ودڵەگەورەکەی ئۆقرەی گرت.

ئەوەی لە دوورەوەش ناوبانگی بنەماڵەی "حەکیمزادە"ی بیستبێ، دەزانێ کە ئەو بنەماڵە چەندە کورد و کورد پەروەر و پاک و بێگەرد و فیداکار و وەفادارن، بەڵام رەنگە تەنیا ئەوانەی لە سەردەشت ژیاون هەستیان بە رادەی خۆشەویستی ئەو بنەماڵە لە نێودڵی گەورە و بچووکی ئەو شارە کردبێ.

ماڵی حەکیمزادە و کاک مستەفا ی "حەکیم" مایەی شانازی و سەربلندی شارێک بوون و هەمووان شانازی بە بوونیان دەکەن.


خۆشەویستی و ناوبانگی پاکی ماڵی حەکیمزادە نەمامی کوردایەتی و خۆشەویستی حیزبی دێموکرات ی لە دڵی زۆر کەسی وەک من دا چاندوە و ئاوێتەی ئەو ڕێبازە پیرۆزە بوون.

ئەمڕۆ شارێک پرسە بۆ خۆشەویستەکەی دەگێڕێ، روحت شاد کاک "حەکیم"، تۆ ڕەمزی خەباتی و سەرمەشقی کوردایەتی ئێمە و نەوەکانی داهاتووی.....

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

---

## حەیف کە نەتتوانی سەرچۆپی کێشی زەماوەندی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان بی



کامران سوهرابی

هێندێک کەس وەک ناسنامە وابون لە ناوحیزبی دیموکرات دا کە شوێن و ساڵ و پێشمەرگە و سەرکردەکان و بنکەکان و ڕوداوە خۆش و ناخۆشەکان، شایی و سەرەخۆشێکان، کۆنگرە و کۆنفڕانسەکان، بۆمباران و موشەکبارانەکانی بنکەکانی حیزبت پێ وەبیر دەهاتنەوە، ئەوان ببونە ڕەمزی پشودرێژی و کۆڵ نەدان و ئەمانەتداری و دەستپاکی، ئەوان سەرکردە نەبون بەڵام حیسابی سەرکردە و هاوشانەکانی ڕێبەرانت بۆ دەکردن.

کاک مستەفا حەکیمزادە یەک لەو کەسانە بوو.

ساڵی ١٩٨٦ لە بنکەی کانی مێوی حیزبی دیموکرات پێشمەرگەیەکی ئارام و هێدی، خاکی، بە جل و بەرگی خاکی و ڕەخت و تفەنگەوە لە ناو پێشمەرگەکان دا بوو، گوتیان ئەوە مستەفا حەکیم زادەیە، لەوڕۆژە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ من مستەفا حەکیمزادەم لە هیچ جل و بەرگێکی تر بێجگە لە جل و بەرگی ڕەسمی پێشمەرگایەتی و ڕەخت و تفەنگەوە نەدی، ئەوەندەی من دیتم حەکیمزادە هەر بە پێیەوە لە کاتی پاسەوانی لە سەرکردەکانی دیموکڕات دا بوو کە نەکا دوژمن زەفەریان پێبەبا.


ئەوەندەی من دیتم دایم دەوری سەنگەری هەبوو بۆ پاراستنی ڕێبەرانی حیزب. ئەو پێشمەرگانە ژیا و پێشمەرگانە بە جێی هێشتین.
لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی حیزب و بنەماڵەی بەڕێزی کاک مستەفا دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

ڕوحت شادو ئارام کاک مستەفا پێشمەرگە ماندوویی نەناسەکەی دیموکرات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

---

## "حەکیمی شۆڕش"



ئاسۆ خەبات

کاک مستەفا حەکیم زادە، یان کاک حەکیمی خۆمان! زیاتر لە چوار دەیە بە بیر و باوەڕێکی بەرز و دڵێکی پاک و بێگەردەوە پێشمەرگایەتی کرد. زۆرتر ئەرکی پاراستنی سکرتێرەکانی حیزبی لە ئەستۆ بووە، یاری ڕازداری دوکتۆر و

قاسملوو و دوکتۆر سەعید.... دەست و داوێنپاک، مەند و مەتین، هێدی و لە سەرخۆ، جیددی و کارقایمی حەکیمزادەیان کردبۆ جێ باوەڕ و متمانەی هەموو لایەک.

دوای چوار دەیە لە خەبات، هێندەی بە حەز و ئەوینەوە چەک و ڕەختەکە دەبەست و ئەوەندە بە مشوورەوە ئەرکی خۆی ڕادەپەڕاند، دەتگووت تازە بۆتە پێشمەرگە!

هەر ئەوانەی لێی نزیک بوون دەزانن چەندە جێ متمانە بوو و هەر ئەوانەی متمانەیان پێی بوو دەزانن چ پشت و پەنایەکیان لە دەست داوە..

ماڵاوا پێشمەرگە سەر و سمێڵ سپییەکەی شۆڕش.

سەری هاوڕێ و هاوسەنگەرانی سڵامەت و سەرەخۆشی لە هاوسەر و کچەکان و ئازیزانی دەکەم.

یاد و ناوی بەرز و بەڕێز و نەمر.

**روحت شاد بێت و یادت هەرمانە حەکیم زادەی تێکۆشەر و خۆشەویست.**



**ئازاد محەممەدزادە**

کۆستێکی گەورە بوو و دڵگران بووم بە بیستی ئەم هەواڵە ناخۆشە، بەم بۆنە خەمناکەوە خۆم بە شەریکی خەمی بنەماڵەی سەربەرزی کۆچکردوو مستەفا حەکیم زادە دەزانم و سەرەخۆشیان ئاراستە دەکەم. سەبووری و سەرساغی و تەمەن درێژی بۆ بنەماڵەی تێکۆشەری و سەرجەم هاورێ و هاوسەنگەرانی کۆچکردوو لە بەرزە ناوی بێ هاوتا داواکارم.

کۆچکردوو مستەفا حەکیم زادەم هەر رۆژانی یەکەمی هاتنم بۆ پێشمەرگایەتی لە نزیکەوە بینی، لە راستی قەڵافەت و کەسێتی و وتە و گفت خۆشی و سۆز و بیری نەتەوەیی و کراوەی زۆر سەرنجی راکێشام و زۆر رێزی گرتم و بۆ منی لاوی تازە هاتووی ناو شۆرش ئۆلگوو و پێشەنگ، هاورێ و هاوکار و پشتیوانێکی بە تەواو مانا بوو لە زۆر رووە، تا بڵێی مرۆڤێکی خاوەن رەوشتی بەرزی شۆرشگێری، پاک و لەبەر دڵان، تێکۆشەرێکی بە بروا و ئەمانەتدار، خەمخۆر و کۆمەڵایەتی و بەمشوور بوو.

رەوانت ئاسوودە و یادت هەردەم زیندووە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٥ی مای ٢٠٢١

## جێمان مەهێڵە حەكیمی پشت و پەنامان



ئەحمەد ڕەحمانی

بۆ دواجار دەمەهەوێ بۆنی خۆشی جەستەی بابی خۆم بکەم، بۆ دوا جار دەمهەوێ هەرچی دەریای فرمێسکی دیدەکانمە هەڵیوەرێنمە سەر جەستەی بێ گیانی باوکەکەم، فرمێسکەکانی من ئاوێتەی فرمێسکەکانی شەوبۆ، سکاڵا، شنە، سارێژە دەمانەوەێ بە بابی خۆمان بڵێین، بابەگیان پشت و پەنای هەمیشەییمان جێمان مەهێڵە، دەمهەوێ بە دەریای ڕۆندکی شلەتێنی خۆم و خوشکەکانم جەستەی بێ هەناسەی بابی خۆمان بشۆم، دەمهەوێ پڕ بە گەرووی بریندارم هاوار بکەم بڵێم بابە گیان حەكیمی هەمووان خۆ ئێمە هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەی بزەو خەندەی جارانت بووین، کوا وادەی دوا سەفەرتە خۆ خوشکەکانم هێشتا نەگەیشتوونەوە کۆزیلکەی خەمان لە دەوری گڵکۆی حەكیمی باوکمان بگرینەوە.

وێنەکەم بەوپەڕی ئەمانەتەوە لە پەیجی ئینستەگرامی خاتوو سۆما حەكیمزادە وەرگرتووە.

## کاکە گیان، بابە گیان، هاوڕێ گیان



**ئەحمەد ڕەحمانی**

ئەم وشانە ڕۆمانە وشەکانی پێشمەرگەیەکن بۆ حەکیمی خۆشەویستی هەموومان، ئەو وشانە تا لێیان ورد دەبیتەوە زۆرتر ڕۆ دەچیتە ناو دەریای قوڵی واتای وشەکان بۆ حەکیمی خۆشەویستی هەموومان...

ئەم دەستانە لە سەر یەک دانران، ئەم پەیمانە پێشمەرگانەیە پێشمەرگانە ئیمزا کران، تا سەرکەوتن و وەفاداری سەرکەوتنی ڕێی خەبات بن، وەلێ چ کۆستێکی گەورە بوو مەرگ دڵەکانی لێک کرد، گەرمی دەستەکان سارد بوونەوە، دیدەکان تەڕی لە خوێناوە فرمێسک بوونەوە...

هەناسەکان سوار، ناخەکان هەژاو، ئەسرینەکان بە لێشاو بوونەوە،

گیانت ئارام حەکیمی خۆشەویستی هەموومان.

وێنە جوانەکەم بەوپەڕی ئەمانەت و خۆشەویستیەوە لە پەیجی ئینستەگرامی هاوڕێی خۆشەویست و پێشمەرگەم کاک لوقمان چابووکی بەڕێز و خۆشەویست وەرگرتووە.

## بابە گیان، حەکیمی هەمووان



**ئەحمەد ڕەحمانی**

لە مەملەکەتە ساردو سڕەکانەوە گەڕامەوە، بە جەستەیەکی سڕ، دڵێکی تەزیو، چاوی گۆمیلکەی خوێن باوەشێک بە گڵکۆی گەرمت دابکەم تا تۆزێ بە تینی گەرمی جەستەی ژێر ئەم خاکەت گەرمم بێتەوە. هاتم باوەش بە دایکم و سۆما دا بکەم هێشتا بۆنی حەکیمی باوکمیان لێ دێ، قاقاکانی حەکیمی هەمووان لە ڕووخسار ئەواندا بە ژاکاوی دەبینمەوە، باوکە ئەدی تۆ نەتگوت وا بە زوویی ئۆغر ناکەم و بە جێتان ناهێڵم، چاوەکانم لە بازگەی ژوانی بینینی ڕوخساری جوانت دا بوون، دەستەکانم خۆیان مەلاس دابوو وەکو جاری جارانی منداڵی و نەوجەوانم دەست لەملانت بن، حەکیمی هەمووان، پشت و پەنای هەموو کاتمان بۆ بەتەنیا جێت هێشتین، ئەدی ئەو جار کە تەلەیفوونم بۆ ژمارەکەت کرد کێ بە پێکەنین و قاقاوە جوابم بداتەوە بڵێ ئەوە ئەتۆی سکاڵا گیان...

سکاڵای خوشک و جیرانە ماڵی چەندین ساڵە بەدیار وێنەکەتەوە بەخۆم نەبوو ناڵێم لە تۆ زیاتر، بەڵام لە تۆشم کەمتر فرمێسک بۆ حەکیمی خۆشەویستی هەمووان هەڵنەڕشتن.

وێنە ناخ هەژێنەکەم لە پەیجی ئینسەگرامی خوشکی دڵ پڕ لە خەمم خاتوو سکاڵا حەکیمزادە وەرگرتووە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠٢١

## پەیامی هاوخەمیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات




**کوردستان و کورد**

خەڵکی تێکۆشەر و پێشمەرگە پەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبۆنەی کۆچی دوایی نەمر "مستەفا حەکیمزادە" پێشمەرگەی تێکۆشەر و قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامی هاوخەمییان بۆ حیزبی دێموکرات بڵاوکردەوە.
چەند ڕۆژ لەمەوبەر نەمر "حەکمیزادە" پێشمەرگەی دڵسۆز و پارێزەری ڕێبەرانی شەهید، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، خەڵکی بەئەمەگ و نیشتمانپەروری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەوە، لە پەیامێکدا هاوخەمیی خۆیانیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی نەمر "حەکیمزادە" دەربڕی. خەڵکی نیشتمان پەروەری ڕۆژهەڵات لە پەیامەکەیاندا دەڵێن: بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک "حەکیم"مان پێگەیشت، بەبیستنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە هەمووما دڵگران و بەپەرۆش بووین، ئەو کۆچە ناوەختەی نەمر کاک "مستەفای حەکیمزادە"مان بەخەسارێکی گەورە زانی لە بزووتنەوەی خەڵکی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستان.

هەربەم بۆنە خەمناکەوە هاوخەمیی وهاودەردیی خۆمان وەک خەڵکی ڕۆژهەڵات کە خۆمان بە خاوەنی حیزبی دێموکرات و هەموو تێکۆشەرانی دەزانین، لە ڕێگەی ناردنی ئەو پەیامە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی نەمر کاک "حەکیم"، جارێکی دیکە پەیمان و وەفا نوێ دەکەینەوە تاسەر وەفاداری ڕێگاو ڕێبازی شەهیدانی کورد و کوردستان و حیزبی دێموکراتی دەبین و دەرێژەدەری ڕێگای هەموو نەمران وشەهیدانی حیزب وگەلەکامان دەبین، مەرگ و نەمان بۆ کۆماری سێدارەی ئیران وسەرکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مای ٢٠٢١




لەنێو پێشمەرگەدا ببووە نموونەی ڕاستی و پاکی
لە ڕێی ئامانجی خەڵکی خۆی لە مردن قەت نەبوو باکی
بەدڵ دەمویست ئەمن بمرم «حەکیم» بگری لەسەر خاکم
قەدەر وا بوو «حەکیم» بڕوا، ئەمن بگریم لەسەر خاکی

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

پێنج ڕۆژە ڕۆڵەی تێکۆشەری دێموکڕات، هاوڕێی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و قاڵبووی نێوجەرگەی سەدان کارەسات کاک مستەفای حەکیمزادە «حەکیم» بە دنیایەک ئاواتی بەدی نەهاتووەوە کۆڕی یارانی بەرەو جیهانی نەمری بەجێ هێشتوە و دنیایەک شانازی بۆخۆی و بنەماڵە سەربەرزەکەی تۆمار کردوە و دەریایەک داخ و کەسەری بە ئۆگران و نیزیکانی چێشتوە. وەک هاوسەنگەری بەئەمەگی، حەمەڕەسووڵ کەریمی لەسەر گڵکۆکەی گوتی «حەکیم» هی هەمووان بوو هی خۆی نەبێ و بۆ هەمووان بوو بۆخۆی نەبێ. بۆیە بەهەق هەموو بۆی غەمناک بوون و بە ڕێگای جۆراوجۆردا بەداخبوونی خۆیان بۆ لەدەستدانی ئەو سەرمایە بەنرخە دەربڕی.

مەرگی «حەکیم» خەسارێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی خۆرهەڵات و داخێکی گران لەسەر دڵی هەزاران هاوڕێ و هەڤاڵ و هاوسەنگەر و هاوشار و هاونیشتمانی بوو، داخێک کە بە جوانترین وشەکان و

بەسۆزترین وتەکان لە سەدان و هەزاران نووسینی نەمر و دەربڕینی هەستبزوێنەدا نیشان درا و کەوتە سەر دەفتەری یادگاری.

لەونێوەدا بەحوکمی تێکەڵاویی بنەماڵەیی، بەهۆی هەڤاڵێنیی سەردەمی پاکی منداڵی، بەخاتری پتر لە چل ساڵ هاوڕێیەتی لە جەرگەی خەباتێکی سەخت و پڕهەورازونشێودا و لەهەمووان پتر لەبەر پتر لە چارەکە سەدەیەک ژیان بۆ یەک و لەپەنای یەک هەم خەسارەکەی بۆ من لە هەمووان بەژانتر بوو، هەم پەژارەکەی لەسەر دڵ گرانتر بوو. ئەمەش شتێک نەبوو هەر ئەم دووە بۆخۆمان بیزانین. هەموو ئازیزان لەو ڕاستییە ئاگادار بوون و دەیانزانی کە «ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا». بەهەق حەکیم ببووە بەشێک لە من و ناسنامەی من. لە هەرکوێ حەکیمیان دیتبایە چاوەڕێی دیتنی من بوون و ئەمن لە هەرکوێ دیار بایەم چاویان بۆ حەکیم دەگێڕا.

هەربۆیە بەشێکی زۆری ئەو هاودەردییانەی بۆ مەرگی ئەو گەورەخەباتگێڕە دەربڕان ڕوویان دەمن بوو، بەجۆرێک کە بوونە مایەی سێبووری و هەرلەوکاتەدا شانازیم. هەر پاش ئەو کۆستە، ڕاگەیاندنێکی کرچوکاڵم لەسەر کۆچی دوایی ئەو ئازیزە لە پەیجی خۆم بڵاو کردەوە کە تا نووسینی ئەم دێڕانە دەیان هەزار جار سەردانی کراوە و سەدان کۆمێنتی بۆ هاتووە. سەرباری ئەوانە هەر نەبێ هەزار کەس لە سەروەران و خێرخوازانم لە ڕێگای تەلەفون و کورتەپەیامەوە بەسەریان کردوومەوە و دڵخۆشییان داومەوە. ئەگەر بە خاڵی لاوازیشم لەسەر بنووسن بەڕاشکاوی دەڵێم ئەو شەپۆلە هاودەردییە نەبایە پشتم لەژێر باری ئەو غەمەدا دەچەمی.

زۆر ناخۆش و تەنانەت خەجاڵەتبارییە کە ناکرێ بەوردی و ڕاستەوخۆ یەکبەیەکی ئەو گەورەیی و هاوخەمییانە وەڵام بدەمەوە و پاداشێکی چووکی ئەو سەروەرییانە ئەدا بکەمەوە. بۆیە بە ناچاری و بە داوای لێبووردنەوە لێرەدا سوپاس و پێزانینیان پێشکێش دەکەم و لە خوای گەورە دەخوازم لە جیاتی من پاداشیان بداتەوە و لە دەردوبەڵا دووریان بخاتەوە.

ڕووحی «حەکیمی دەردان» شاد، ڕێگاکەی پڕ ڕێبوار و ئازیزانی سڵامەت بن و سێبووری بۆ هەمووان.

عبدالله حسنزاده

٢٠ - ٢ - ١٤٠٠ (١٠ - ٥ - ٢٠٢١)

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## بەشێک لە پرسە و کۆمێنتی هاوخەمی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک

**Soran Amini**

هەواڵی ناخۆش و دڵتەزین کۆچی دوای کاک مستەفا حەکیم زادە،هەرچەند بلی بە ژان وزحمتە باور کردنی ،رۆحت شاد بێ،سەرخۆشی لە باجی عیسمەت وهەمو ئەندامانی بنەماڵي دەکەم،کاک حەکیم گیان شایانی هەمو رێز وئیحترامێک هەیە هەرچی لە دەستت هاتوو بۆ ئەم شۆرشە ئەنجامت داوە،هەنگاوەکانت هەمو دلسوزی وموحیبت و راستگویی و زەحمەتیکی یەکجار زۆر بۆ رزگاری گەل ونیشتیمانەکت  بە کردەوە بە ئەنجام گەیاند. ئوغرت خێر کاکە گیان،دوبارە سەرخۆشی لە گشت بنەماڵي کاک حەکیم و تێگرای مندالەکانی وخزمانی لە ناوخۆ ودەرەوی کوردستان وهەمو هاورێیانی حیزبی دەکەم خوم بە شەریکی خەمیان دەزانم،هیوای سێبوری بۆ باجی عیسمەت و کچەکانی وتێکرای خزم وهاورێیانی دەخوازم.

---

**ڕەسووڵ سوڵتانی**

سەرم لەو گەورەییەتان سوورِ ماوە هێند مەزنن، کە مەرگ دێ، لەبەر هەیبەت و شکۆتان ئەژنۆی دەلەرزێ. ئاخر ئەو تەنیا دەرەقەتی جەستەتان دێ و قەت باشاری ناوتان ناکا و هەر ڕووزەردیی پێ دەمێنێ.

ئەو ئاسۆیەی لێی دەڕوانی، ڕێیەکی تا بڵێی دوور بوو بەڵام خەباتی بێوچانی ئێوە، تەنگەی ڕێگاکەی کێشاوە و سەرکەوتنی نیزیک و مسۆگەر کردووە، هەزار داخ و مخابنی دەدنیایێ ئەوێ ڕۆژێ ئێوە بەجەستە لێرە نین و جێتان دیارە.

---

**Khadija Maazuri**

هاوڕێی خۆشەویستم، هاوڕێی هەمیشە لە مەیدان. هاوڕێی بێدەنگ و ئارام، چوست و چالاک، هاوڕێی بە نەزم و دیسیپلین، هاوڕێی قانع و بەوەفا و زێدە لە حەد حیزبی، کاک مستەفا حەکیم زادە ناسراو بە حەکیم، کوا وا زوو وعدەی کۆچ کردن بوو و بەو کۆچە نابەوەختە دڵی هاوڕێیانت بریندار کردو ڕووشاند و خەمگین کرد. یاد و ناوت هەمیشە لە دڵمان دا زیندووە، قەت لە بیرت ناکەین کاکە گیان. بە بۆنەی کۆچی دوایی حەکیم هاوڕێ سەرەخۆشی لە گشت کەس و کار و خزمانی دەکەم و شەریکی خەمیانم.

---

**Hosein Bakhchi**

بێ ئەوەی زۆری لە گەڵ بم یان چاکی بناسم، خۆشم دەویست. لە سیمای دا زۆر شتت دەخوێندەوە. سەداقەت، ئەوین بە نیشتمان، بوێری و خاکەڕایی و...

زۆر جار سەفەری باشوور و کۆیەم کردوە و کەمتر جار هەبووە نەمدیبێت و بە کورتیش بێت چاک و خۆشی و ئەحواڵپرسیمان کردەوە. هەموو جارێک کە چاوم بە سیمای ئینسانی و قەڵافەتی پێشمەرگانەی دەکەوت، دەبووژامەوە. لێتان ناشارمەوە هەستێکی تایبەتیم بۆ ئەو مرۆڤە هەبوو. زۆر بەداخەوەم.

خەبەری کۆچی دوایی هەژاندمی و ڕاپچڵەکاندم.

هاوخەمی هەموو لایەکم و سەرە خۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی و دۆستان و نزیکانی دەکەم.

---

**Kamal Hassanpour**

زۆر کەم وا بووە کە بە هەواڵی کۆچی دوایی کەسێک ئاوا تاسابم. قەڵای خۆڕاگریی، شای ئەمەگداریی ڕێبازی ئازادی کوردستان کاک مستەفا حەکیمزادە بە دنیایەک ئاواتی ئازادی کوردستان و گەڕانەوەی سەربەرزانە، ئەورۆ جێی هێشتین. بەو بۆنەوە پێش هەموو کەس پرسە و سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بە خوشکی بەڕێزم عیسمەت دەکەم کە لە هەموو ئەو ساڵانەی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان دژی ڕێژیمی پەت و سێدارە، هاوژین، هاودەم و هاوخەمی "حەکیم" بوو. پاشان سەرەخۆشی لە شەوبۆ، سکاڵا، شنە، سۆما و سارێژ دەکەم. هەروەها پرسە و سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بە کاک محەممەد، کاک غەفور، کاک ڕەحیم و کاک کەریم حەکیمزادە دەکەم. خودای مەزن ڕووحی سەربازی وەفاداری دێموکرات بە بەهەشتی بەرین شاد بکا و سەبر و خۆڕاگریی بە هەموو لایەکمان ببەخشێ.

---

**Hassan Xambar**

ماڵئاوا ڕێبوارە ڕاستەقینەکەی ڕێگەی کوردایەتی!

جارێکی تر ئاسمانی وەڵاتی من بارانەی فرمێسکی و خەمی بەسەر دا باراندین.

هەواڵی مەرگی تۆ کاک (مستەفا حەکیم زادە) بوو بە خەم و پەژارە و داوێنی چیاسەربەرز کانی نیشتمانی داگرت.

کاک مستەفا حەکیم زادە

زیاتر لە ٤٠ ساڵە ببوو بە مەتەرێزێکی پتەو، کادرێکی بە توانا و مرۆڤێکی دلسۆز، تا سەر ئێسقان ئەخلاقێکی بەرزی ئینسانی وجودی داگرتبوو.

بەو بۆنە خەمناکەوە لە لایان خۆم و بنەماڵەکەمان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی گەورەی حەکیم زادە، حەسەنپور و تێکڕای خەڵکی ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت دەکەم.



سەرچاوە
Serchawe

روحی نەمری شادو یادو ناوی بەرز و بەڕێز بێت و ڕێگەی خەباتی ئاوەدان بێ.

---

**Madeh Ahmadi**

زۆر بەداخەوە پێشمەرگەی ئازا و قارەمان کاک مستەفا حەکیمزادە، دوای ماوەیەک بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە کۆڕی بنەماڵە و هاوسەنگەرانی کرد. کاک مستەفا نموونەی پێشمەرگەیەکی بەباوەڕ و رازدار بوو کە بەوپەڕی لە خۆبردووییەوە ژیانی خۆی بۆ پارێزگاریی لە ڕێبەرانی شەهید، کەسایەتی و سکرتێرەکانی حیزبی دێموکرات تەرخان کرد.

بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و سەرجەم هاوسەنگەران و ئازیزانی کاک حەکیم ئەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان ئەزانم.

گیانی کاک حەکیم شاد و سەرساغی بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوڕێیانی بە ئاوات ئەخوازم.

---

**Hamza Agoshi**

کۆچێکی نابەوەخت و دڵتەزێن...
خەمێکی دیکە و برینێکی بەئازار

هەواڵی کۆچی دوایی هاوڕێی بەڕێز و تێکۆشەر، پێشمەرگەی ٤٢ ساڵەکەی حیزبی دێموکرات، کاک "مستەفا حەکیم زادە"بەهۆی نەخۆشیی کۆڕۆنا، هەموو لایەکی خەمبار و بە پەرۆش کردین. بەم بۆنە دڵتەزێنەوە، بە ناوی خۆم و

بنەماڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز و کوردپەروەر و نیشتیمانپەروەری "حەکیم زادە" و خزم و کەسوکاریان بە گشتی و خاتوو "عیسمەت" و کچەکان و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بە تایبەتی دەکەم و لەم خەمە قورسەدا خۆم بە بەشداری خەمیان دەزانم. روحی شاد و ڕێگای خەباتی بەردەوام و سەنگەری ئاوەدان.

---

**Mstefa Shamamy**

زۆر بەداخەوە کاک مستەفا حەکیم زادە دۆستی دێرین و پیشمەرگەی بەوەج و قەلغانی ئەمینی ڕێبەرانی دیمۆکرات، بەهۆی پەتای نگریسی کرۆناوە کۆچیدوایی کرد، بۆیە لەم پەیوەندییەدا پرسە وسەرخۆشی ئاراستەی بنەمالەی ڕێزداری حەکیم زادە و جەنابی ماموەستا عەبدوللا حەسەن زادە و گشت هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دەکەم،و هیوای سەبووری و سەلامەتی و تەمەن درێژیان بۆ دەخوازم.

روح و رەوانی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێت

---

**Qader Qazani**

زور زور بە داخەوە ئەو روو خبری لە دەست دانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات یادگاری هەر دوو ریبەری شەهێدمان شەهێدان دوکتور عبدولرحمان قاسملو شەهێد کاک دوکتور سادق شرفکندی بۆ هەتاهەتایەی مال ئاوای لە هاوری و هاوسنگەرانی کرد شەهێد کاک مستەفا حکیم زادە تا دواهانسەی بە رێبازی حیزبە خوشەویستکەی وەفادار مایەوە کاک مستەفا پێشمەرگەیکی روح سوک چوستو چالاک بە نەزمو دیسپیلێن قەسە خوش و دەم بە پێکنێن لە هەر مجلیس و کورو کونونەوێکی بایە دەلێ هەمو هاوریانی خوش داکرد هەزار حێف و مخابین کە نەخوشی کوشندی کرونا ئیجازێ پێ نەدا جارێکی دیک بە چاوی خوی بەرهەمی ئەو هەمو رنج و زحمەتی بە چاوی خوی ببێنیت بویە لە لایان خوم و بنەمالەکم پەر بە دل سەر خوشی داکم لە بنەمالە بەرێزکیو هەمو براو

خوشکەکانێو و هەمو کادرو پێشمەرگەی هەر دوو بالی دیموکرات و هەمو خەلکی سردەشت و دەوروبەری و هەمو ئازێزانی لە هەر کوێێکی ئەو دوونیایە روحت شاد بێت ئازێزی هەمومان کاکە مستەفا گیان

---

**Hazhir Abdullahpour**

ئەمر مستەفا حەکیمزادە، تێکۆشەری بەبیروبڕوا، ورەبەرز و دێرینی دێموکرات و پارێزەر (ئیسکۆرت)ی ڕێبەرانی شەهید د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی سەرلە ئێوارێی ئەمڕۆ پاش ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی، بەداخەوە دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی هەمیشەیی لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کرد.

ڕێگات پڕ ڕێبوار بێ، هاوڕێی بەئیمان، ئەمەگناس و کۆڵنەدەر

---

**Rambod Lotfpoory**

نازانم بۆ ئەم کاروانی خەمە لەم دەڤەرەی ئێمە بار ناکات. بێژەری گەردوون هەموو رۆژێک هەواڵێکی دڵتەزێنی نوێمان بە گوێدا دەچرپێنێ و رەشەبای مەرگ گوڵێکیتر لە باخچەی ژیانمان هەڵدەوەرێنێ.

ئەم جارە نۆرەی پێشمەرگەیەکی ئەمەگناس و مرۆڤێکی دڵپاک بوو کە دڵە بێگەردەکەی کانگای خۆشەویستی و دڵسۆزی بوو. بە داخێکی گرانەوە کاک مستەفای حەکیمزادە ناسراو کاک حەکیم بۆ هەتاهەتایە ماڵئاوایی لێ کردین و کۆڕی خزم و یارانی بەجێهێشت. بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوسەنگەرانی دەکەم و سلامەتی و تەمەندرێژییان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

یادی ئازیزی بەرز و بەڕێز بێ.

---

**Mariwan Nisstany**

پیرەهەڵۆیەک، فڕیە بەرزی ئاسمانەکان، لەوەتەی وەبیرم دێ دەیناسم،
هەمیشە پیاوێکی بەهەیبەت و ئازا، هەمیشە پرچەک و گورج و گۆڵ. لەحیزبی ئێمەداکەسی دڵسۆز و فیداکار زۆرن، کاک مستەفا "حەکیم" یەکێک لەوان بوو. بۆ هەمووان جێگای متمانە، مایەی ڕێز و خۆشەویستی بوو. بۆیەش هەموومانی خەمبارکردووە، نازانم سەرەخۆشی لەکێ بکەم! چونکە ئەو کەس و ئازیزی هەمووان بوو، ڕۆحی شادبێ و سبووری بۆدڵی هەمووانمان.

---

**Behrooz Lotfee**

لە کوێ بپرسم و بە کێ بڵێم لە کوێی؟ خۆ قەرارمان وا نەبوو خوێن شیرینەکەم. ئازیزەکەم! کوا ئەوە قەول و بەڵێنی ڕەفێقانە بوو؟ مەگەر نەتوت بەهێزم و دێمەوە ماڵێ؟!

نەتوانی قسە بکەی تەنیا بە ئیشارە پێت وتم ریشەکەت بتاشە. نەمخستە پشت گوێچکە و خێرا دوای قسەکەت چووم ریشم تاشی و خۆم جوان کرد کە جارێکی دیکە بە تەسویری قسە بکەین و پێت بڵێم ریشم تاشی.

بەڵام نەتهێشت چاوەکەم پەلەت بوو. بۆ پەلەت کرد؟ حەزت لێی نەبوو سایەت لە سەر سەرمان بمێنێت؟ نەتزانی بەم کۆچەت پشتت شکاندین؟ نەتزانی لێشاوێک لە خەم و خەفەتمان بۆ جێدێڵی؟ هەر ویستت بمانتاسێنی؟ کێ هەیە لەم دونێایە ئازیزەکانی بەم شێوەیە بتاسێنی و بێ ئەوەی خواحافزی بکات جێیان بێڵێت. تۆ هەر ئەو پۆڵا بووی کە من دەمناسی. ئەی بۆ بەزەییەکت پێماندا نەهاتەوە؟ چۆن دڵت هات ئەشکین و ئارین بێ بەش بکەی لە پێکەنینەکانی شەوانەت؟ ئەشکین ئێستاش دەڵێ شۆرباوی بابەم بۆ دروست بکەن با وەکوو بابە بیخۆم. ئەی هەناسە گیان ئەم هەموو ئەمما و ئەگەرانەت بۆ بە جێ هێشتووین و لە دەریایەک خەم و ناڕەحەتی سەرگەردانت کردوین، بۆ؟؟؟؟؟؟؟

ڕۆحت شاد بێت ئازیزەکەم.

---

**Ahmad Piri**

٣٧ سال پێش ئەمرۆ شاد و کەیف خۆش بووم بە ناسینی مرۆڤێکی دلسۆز و دلپاک و ئەمین هاوکارێکی تێکۆشەر و جدی و بە نەزم .نێزیک بە مانگێک هەوالی نە ساخی هاورێ کاک مستەفای حەکیم زادەم زانی کە دل نیگران بووم. ئەمرۆ بە هەوالی کوچی دوای تۆی تێکۆشەری دێمۆکرات غەم بار و چاو بە فرمێسک بووم.

سالی ١٣٦٤ کاک مستەفا حەکیم زادە لە بنکەی تەقەمەنی حیزبی دێمۆکرات لە کانی مێو دۆلی جافایەتی بوو ناسی ، منیش وەک سەرپەلی پەلێک لە پێشمەر گەکانی هێزی شەهید نەحۆ ئەوکات بۆ راپەراندنی کارە کانی حیزب بە مەئموری یەت دراین بە بنکەی تەقەمەنی حیزب. مستەفا حەکیم زادە تێکۆشەر رۆژ بە رۆژ باشتر و چاکترم ناسی هەر زوو هاورێ یەتی و دلسۆزی و خزمەتکردنی بۆم دەرکەوت. تێکۆشەرانێکی دیکەش کە لە کانیی مێو دەژیان و خزمەتیان دەکرد ناسیم، کوچکردووان، کاک حەمە رەسوول حەسەن پوور کاک خەلیل گادانی. کاک کەریم حەداد شەهیدان وەستا عەلی حەداد و محەممەد سالح حەسەن پوور. روحیان شاد. تەمەن درێژی و ساخ سلامەتی بۆ هاورێ یان حەمە رەسوول کەریمی. حوسێین حەسەن زادە مام رەسوول رەحمانی، ئەحمەد رەحمانی، شاهۆ حەسەن پوور بە ئاوات دەخوازم. بەم بوونەوە سەرە خۆشی خۆم پێشکێش بە سەرجەم بنەمالەی مستەفا حەکیمزادە دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

روحی کاک مستەفا حەکیم زادە شاد بێ رێگاو و رێبازی ئاوەدان بێ.

---

**Hassan Qadirzada**

زۆر بە داخەوە بۆ مەرگی ئەو تێکۆشەرە ماندوویی نەناس و وەفادار و جێیِ متمانەیە، لە دەست دانی خەساریکی یەکجار گەورەیە، بەم بۆنە تـالەوە هـاودەردی و پەرۆشی خۆم و بنەماڵەکەمان لە گەڵ بەرێزتـان جەنـابی ماموستا حەسەن زادە و بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان رادەگەینم، هیوادارم ئامانج و ئاواتە بەرزەکانی بێنە دی.

---

**Rahim Mohammedzadeh**

ئەو کـۆچە نـاوادەیە بە راستی هەموومـانی تاسـاند، هەواڵێکی ئەوەنـدە نـاخۆش کە توانـای نووسین لە دەست و قەڵەم و دەربڕینـی لە زمـان بـڕی، پـڕ بە دڵ سەرەخۆشی لە حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان، جەنـابی ماموەسـتا حەسـەنزادە، بنەمـاڵەی گەورەی حەکیمـزادە دەکەم. گەورە پیاوەکـان نـاو و خۆشەویسـتیان بـۆ هەمیشە لە نـاودڵی نەتەوەکەیان دەمێنیتەوە،

---

**Hassan Hatemi**

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ئەمڕۆ، هەواڵێکی زۆر زۆر ناخۆش هەژاندمی.

نەمانی بە جەستەی کاکە مستەفا حەکیم زادە (حەکیم)، خەم و پەژارەیەکی دڵهەژێنە.

بەو بـۆنە زۆر ناخۆشەوە، پرسە و سەرخۆشی، لە بنەمـاڵەی بەرێزی، بـراژنە عیسمەت، شەبۆ، سکالا، سۆما و هەمـوو کەسـوکاریان، بەڕێـز مامۆسـتا عەبـدوڵلا حەسـەنزادە، کە بـوونی کـاک حەکیم لەگەڵـی، پشـت قـایم و دڵئاسـودەتر بـوو، بە هەمـوو هاوڕێیـانی حیـزب، هەمـوو دێمۆکراکەتـان و ئـازادیخوازانی، عەرز دەکەم. هـاوخەم و هاوپرسەی هەمووانم. سێبوور، سڵامەت و تەمەندرێژ بن.

یادی کاکە مستەفا زادە حەکیم زادە بەرز و بەڕێز بێ.

**Mhammad Soleymani**

میلەتێکی مێژوودار و زیندوو هەمیشە قەرزداری ئەم پارێزەرە قارمانانەیەتی، بێ گومان میلەتی کورد ناوی ئەم تێکۆشەرە سادقانە لە بیر ناکات و هەردەم، ماندووینەناسی، پاکی، گەورەیی، جەنگاوەری و گیانفیداییان دەکاتە وانە بۆ نەوەی داهاتوو، منیش بە نۆبەی خۆم وەک پێشمەرگەیەکی ئەم سەنگەرە پیرۆزە سەرخۆشی لە بەڕێزت و بنەماڵەی نیشتمانپەروەری حەکیمزادە و هەموو هاوڕێیانمان دەکەم، خوا سێبوری و هێوری بخاتە دڵی ئێوەی ڕێبەرمان و هەموو ئازیزانی شەهید کاک مستەفای خۆشەویست.

---

**Aziz Ahmadi**

تێکۆشەر وجێی باوەڕو متمانەی ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات

پێشمەرگەی ماندوو نەناس و دڵسۆز کاک مستەفا حەکیم زادە«حەکیم»

ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد دنیایەک داخ و حەسرەتی بۆ بنەماڵەو دۆست و هاوڕێیانی بە جێ هێشت.

سەرەخۆشیلە جەنابی مامۆستا حەسەن زادەو هاوڕێیانی پێشمەرگەو بنەماڵە کەی دە کەم لە قوڵایی دڵمەوە بەشداری خەمیانم.

ڕوحی کاک مستەفا شاد جێگەی بەهەشتبێ.

**Abdullah Hicab**

یاد و ناوی کاک حوکیمی نەمر هەمیشە زیندوو و ڕێبازی سەرکەوتوو بێ. سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و هەموو هاوسەنگەران و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەم.

**Kemal Gerwise**

بە بۆنەی کۆچی‌دوایی پێشمەرگەی فیداکار و کۆڵنەدەر مستەفای حەکیم زادە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم. کۆچێکی ناوەخت و داخێکی گران و کۆستێکی گەورە بوو. رووحی شاد و ئازیزانی سڵامەت بن.

**Kawa Ahangari**

زۆر بە داخەوەم بۆ کۆچی دوایی کاک حەکیم گیان. تێکۆشەری دێرین و بە وەفای دێمۆکڕات تاسەبارت کردین. یادت هەر مان و رێبازت بەرز و بەرێز.

نە لە یادت دەکەین و نە رێگات چۆل دەکەین. لە ناخی دڵمەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی حەکیم‌زادە و جەنابی مامۆستا حەسەنزادە دەکەم. روحی شاد و کوردستان سڵامەت.

---

**Halimeh Ismaeli**

کۆچێکی بەئازار و ناوەخت زۆر بەداخەوە زۆر زۆرم پێ ناخوش بوو بەڵام وەک ماموستا دەفرمووی بێ دەسەڵاتی لە ئاست ئەو قەدەرە ناچارین ملی بۆ راکێشین و سەری رێزو نەوازێش لە ئاست ئەمینی و دڵسۆزی کاک حەکیمی تێکۆشەر دابنوێنین و لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی حەکیمزادە و حەسەنپور و حەدادەکان بەتایبەتیش لە بەرێز ماموستا حەسەنزادە بکەم کە بەراستی لەبراش نیزیکترو دڵسۆزتری لە دەست دا روحی کاک حەکیمی شاد ئاواتەکانی بێتەدی ئازیزانی تەمن درێژو ئاسودە بن

---

**Shola Qadiri**

زۆر بەداخەوە بۆ کۆچی دوایی پێشمەرگە نەجیب و ئەمیندارو دڵسۆزەکەی دێموکرات. روحی بە بەهەشتی بەرین شاد بێ. سەرخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان و جەنابی مامۆستاو هەموو ئازیزانی و هاوسەنگەرانی کاکە حەکیمی ئازیز دەکەم و هیوام سلامەتی وسێبوری هەموو لایەکە.

---

**Soran Amini**

بە بێ گۆمان هەمومانی تاساند،ئەو هەر ئەمینی رێبەرانی حیزب نەبو بەڵکو ئەمینی هەمومان بۆ لە هەلسوکەوت و لە راز و ژیانی رۆژانەی پێشمەرگایەتی دا و تەنانت لە جیرانەتی دا ،ئەوی لەو دەبیندەرا، مرۆڤیکی بە ئەخلاق وقسە خۆش و بە دڵ ودەرۆن بۆ هاوکاری وئەمین وبە وفا لە هاورێەتی دا،سەرخۆشی لە باجی عیسمەت وئەندامانی بنەماڵیکەی وبەرێزتان دەکەم و خومان بە شەریکی خەمی هەموتان دەزانین ،کاک حەکیم بە جەستە رۆیشتو بەڵام هەرگیز بە ناو وکرادار نەرۆیشتو و بۆ هەمیشە لامان دەمێنیتەوە، هیوای سێبوری بۆ گشت لایک دەخوازم.

---

**Edris Gadri**

روحی حەکیمی پارێزەری سەروەرانمان شادبێ و سەرساغی و سلامەتی بۆ بەرێزتان بە ئاوات دەخوازم لە حەکیم فێری سادقی و سادەیی و ئەمانەتداری و هەست بە مەسئولیەت کردن دەبووین لە جەریانی کۆنگەری ١٧ دا حەکیم وەزعی جسمانی باش نەبوو و بە تایبەتی لاقی زۆر ئەستور ببو و بۆ ئەوەی کە کەس هەست بەو ناسازییەی نەکات بەندی کەوشەکەی پساندبوو تا کەوشەکەی بە پێی بکات و هەستی پێنەکەن و ئەو رۆژە بە زۆری ناردمان بۆ لای دوکتوور. روحی شاد و ئارام بگرێ و هاورێ و هاوسەنگەرانی سلامت بن و سەنگەری خەباتی ئاوەدان

---

**Chnar Umar**

زۆر بەداخەوە بۆ هەواڵی کۆچی ناوەختت کاک حەکیم گیان. من لەسەفەرەکەم بەپەلە گەڕامەوە بۆئەوەی ئاگام لەتۆ بێت مامۆستا مەحمود شێرزاد فەرمووی کە ئەم بەیانییە هەواڵت پرسیوم وەک چۆن من دڵم لای تۆ بوو تۆش دڵت لای من بوو ... لەکاتی نەخۆشیەکەشت هەر لەخەمی مامۆستا عەبدوڵا دابووی ئەویش لەتاو تۆ ئۆقرەی لێ بڕابوو ...

ڕۆژو مانگێکی پیرۆزت بەنسیب بوو لەبەرئەوەی کەسێکی فریشتە ئاسابووی ... انشاللە بەهەشت دوامەنزڵت بێت مامۆستاو ئازیزانت تەمەن درێژو لەبەڵا دووربن

کاک(مستەفا) حەکیم زادە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو تێکۆشەری حزبی دیموکراتی کوردستان بوو . پێشمەرگەو پشت و پەنای مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە

---

**Omar Amini**

هەواڵی کۆچی کاک مستەفای حەکیمزادە تیکۆشەرو پیشمەرگەی گەل هەوالیکی بی ئەندازە تەئەسۆفبار خەم هینەری روخهینەر بۆو بۆ هەمۆمان تەزوو لەرزی غەمیکی ئاوا گەورە بی شک دەتتاسینیتو و فرمیسکی دوری و بی دەرەتانی لەچاواندا مۆلەق دەبەستی وریگای رژانی لی وەن دەبیت. هاوریان و برایانم کاک محەمەد حەکیمزادە و کاک غەفور حەکیمزادە کاک رەحیم حەکیمزادە کاک کەریم حەکیمزادە کاک ئیدریس حەکیمزادە کاک کاروان حەکیمزادە و سکالاخانم و هەمۆ بنەمالەی گەوری حەکیمزادە دوست و ئازیزان سەرتان سەلامەت بی دەگەل شەریک بۆن لە خەمۆ پەژارەتان سەر ساغیتان پی دەلین و هیوای سیبورتان بۆ دەخوازین بنەمالەی ئەمینی عومەر ئەستی شلیر زنویر و سوزان

**Chnoor Mehrparvar**

ویرووسی نگریسی کرۆنا وای کردوە کە هەواڵی ناخۆش و دڵتەزێن سەردێری هەموو هەواڵەکانە. ئەمجارەیان نزا و دۆعاش فریای کاک مستەفای حەکیم زادە نەکەوت و بۆ هەتاهەتایە چاوەکانی لە سەر یەک دانا. زۆر زۆر بەداخم بۆ ئەوکۆچەت و خۆم بە شەریکی ئەو خەمە قورسەی باجی عیسمەت، جگەرگۆشەکانی و هەموو ئازیزانی دەخوازم. مەگەر من بزانم چەندە سەختە مەرگی ئازیزان.

---

**Kawa Sardashti**

ئای چەند بەژانە مەرگی ناوادەت. ئای چ داخێکی گەورەت خستە سەردڵمان. ماڵئاوا باوک، برا و پشتگیر و پشتیوانەکەمان. حەکیم گیان یەکێک لە دڵخۆشییەکانی هەمیشەییم کە ئەگەڕامەوە بۆ کوردستان، بینینەوە ڕوخساری نوورانی و لێوی بە بزە و بیستنی قسە خۆشە و ڕێنوێنی و نەسیحەتە باوکانەکانی تۆ بوو. بەداخەوە ئەو چرای ڕووناکییەشمان کوژایەوە. ماڵ ئاوا ئەمیندار و پارێزەرە جێی متمانەکەی ڕێبەرانمان. ماڵ ئاوا ئەی هاوڕێ ئازیز و لە دڵا شیرینەکەی پێشمەرگە.

ناو و یادت تا هەتایە لە دڵ و مێشکم دا بە زیندوویی و بە بەرزی ڕائەگرم.



سەرچاوە
Serchawe

**Omar Mohammad-Pour**

زور بە داخەوە بۆ کوچت

ئەمین دارەکەی حیزبی دیموکرات و ریبەرانی حیزبی دیموکرات

خەسارت زور بو کوا وەختی ئەو کوجەت بو روحت شادبیت

لە لایەن خۆمو سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەمەوە سەرە خۆشی دەکەم لە بنەماڵەی گەورەی بەریزی حەکیم زادە لە ناو خۆی وەلات و دەرەوەی وەلات بە گشتی و بنەماڵەی بەریزی کاک مستەفاو ئازیزانی خانەوادەی بە تایبەتی دەڵیم خۆمان بە هاو بەشی ئەو کوستەگەورەیانم جیگاو مەکانی کاک مستەفای خۆشەویستی هەمو لایەکمان بە هەشتی بەرین بیت

---

**Kamil Ostadahmadi**

روحت شاد بێ مرۆڤی لە بەر دڵان و خۆشەویستی خۆشەویستمان.

کاک حەکیم پیاوێک و پێشمەرگەیەکی  بە پرنسیپ و نموونەی پاکی و سەداقەت مرۆڤێک تا سەر ئیسکان دیمۆکرات و نموونەی پارێزەریکی بێ هاوتا ڕێبەرانی شەهید و زیندوو، وشیار بە هۆی کرۆنا کۆچی دوایی کرد.

بەو بۆنەیەوە سەرخۆشی و هاودەردی لە بەرێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە و بنەماڵەی بەریزی و حیزبە تێکۆشەرەکەمان و بە تایبەت لە باجە عیسمەت هاوسەری دەکەم.

دڵنیا لە بیرت ناکەین.

---

**Mustafa Maroufi**

کاک مستەفای حەکیم زادە، حەکیمی هاوڕێ و هاوماڵ لە دەریایەک فرمێسک و خەم دا بە جێی هێشتین و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێ کردین.
ئەم دەوێرا دەست بۆ وێنە و یادگارییەکانی ڕۆژان و ساڵانی رابردووی بەرم. دەترسام سەبرم لەدەست بچێ و بە بانگ و سەڵا بۆی بگریم. بۆ کەسێک بگریم کە قەت پێکەنین و زەردەخەنەی لەسەر لێوان بزر نەدەبوو. کەچی چەند فرمێسکی سرک و لاسار لە گۆشەی چاوەکانمەوە بە دزییەوە دەڕواننە وێنەکەی حەکیم.

---

**Qadr Meklawei**

زۆز زۆر بە داخەوە هەر ئێستا هەواڵی کۆچی  کاک مستەفای حەکیم زادەم  بیست.
زۆر نیگەرانو نارەحەت بوین بەم هەواڵە.
ماوەیەک بو کاک مستەفا توشی نەخۆشی کرۆناببو بەداخەوە چەنەبەری نەهاتو کۆرۆنای نەگریس ئەویشی لێ هەستاندین.
ڕوحت شادو جێگات بەهەشت بێت حەکیم گیان. یاد گاریە کەی ڕێبەرانی شەهیدانمان.

---

**Mstafa Amiri**

هەواڵی کۆچی دوایی کاک مستەفا حەکیمزادە هەمووومانی تاساند. بەم بۆنە ناخۆشەوە لە لایەن خۆم و بنەماڵەوە سەرە خۆشی لە بنەماڵەی شۆرشگێر و سەربەرزی حەکیمزادە دەکەم و خۆمان بەشەریکی ئەم خەمە گەورەیە دەزانین.
روحت شاد پێشمەرگە پاک و ڕوح سووک و خۆشەویستەکەی کورد.
مەرگێک لە ڕێی
نیشتیمان بێ، هەزار ژیانی بەقوربان بێ

---

حەکیم

**Khosraw Ghaderi**

بەداخەوە هاوڕێ مستەفا حەکیم زادە ناسراو بە کاک حەکیم، کادری دڵسۆزی حیزب، پارێزەی ڕێبەرانی شەهید د. قاسملوو و د. سەعید و یاری وەفاداری جەنابی ماموستا حەسەنزادە، دوای مانگێگ بەربەرەکانی دەگەڵ نەخۆشی کوڕۆنا، گیانی بەخاکی پیرۆزی نیشتیمان و درێژەدانی خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد، ڕۆحی شاد و ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێت. لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی ئازیزی و جەنابی مامۆستا حەسەن زادە دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

---

**Shapol Pishnemaz**

شەپۆل پێشنماز و فریشتە قازی



سەرچاوە
Serchawe

به داخێکـی زۆر گـرانەوە هەر ئیسـتا ئاگـادار کـراین کە تێکۆشـەری٥دەیە لە خەبـات مسـتەفا حەکـیم زادە دوای بەربەرکانیکی زۆر بە نەخۆشی ئەورۆ بەیەکجاری ماڵئاوای لی کـردین وسەفەری یەکجـاری کـرد لیـرەوە سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی حەکیم زادە وخیزانی وکچەکـانی وهاوسەنگەرانی لە ریزەکـانی دیموکرات دەکەم وخـۆم بە شەریک وهاوبەشی ئەو خەمە گرانەیان دەزانم

---

**Osman Nobari**

هەرچی هێنامان و بردمان، بە هەمووومان هەرچی کردمان بە زۆری زۆر ئەوەی نەمان دەویست ئەو رووداوە روویدات، ئەو هەواڵە دڵتەزێنە ببیستن، بەڵام وادیارە چەرخی رۆژگار زۆر جاران بە کەیفی ئێمە ناسووڕێ.

بەڵێ کاک مستەفای حەکیم زادە ئەمرۆکە بە کۆڵەبەرێک کوێرەوەری و خەباتی پڕشەنگدارەوە بە جێ هێشتین، لە بیرت بێ تا هەتایە ناو و یادگارییەکانت بە زیندووی لامان دەمێنێتەوە، رووحت شاد و ماڵ ئاوا کاکە گیان.

سەبر و سیبووری بـۆ تێگـڕای بنەمـاڵەی گەورە و بەرێزی حەکیمزادەکـان دەخـوازم و پڕ بە دڵ خـۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.

---

**Shakhewan Azizi**

هەواڵێکی جەرگبڕ و ناخ هەژێن لەم کات و ساتەدا، زۆر بە داخەوە بۆ مەرگی لە ناکاوی کاک مستەفا حەکیمزادە تێکۆشەرە ماندوویی نەناسەکەی دێموکڕات، سەرەخۆشـی لە بنەمـاڵە و کەس و کـاری، لە هـاوڕێ و هاوسـەنگەرانی دەکەم، ڕوحی شاد بێ و سێبووری بۆ دڵی هەموو ئەندامانی بنەماڵە تێکۆشەرەکەی حەکیمزادە.

---

**Mardin Abdollahi**

پێشمەرگەی بە وەفا و پارێزەری ڕێبەرانی دێموکرات کاک مستەفا حەکیمزادە کە هەموو تەمەنی بۆ ئازادی گەلەکەی تەرخان کرد بەداخەوە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد.بەو بۆنەوە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی حەکیمزادە هەموو هاوسەنگەرانی دەکەم و خۆم بە شەریکی ئەو خەمە قوورسەیان دەزانم.

ڕووحی شاد بێ و ئازیزانی سەلامەت بن.

---

**Khalid Gerdi**

خوای گەورە لێی خۆشبێ و جێگای بەهەشتی بەرین بێ، سەبروو سەبووری بۆ جەنابت و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی حەکیمزادەو حەسەنپوور و هەموو خزم و کەسووکارتان، شەریکی خەمتانم هیوادارم بۆخۆتان سڵامەت بن.

---

**Monireh Nigahdar**

بەم بۆنە خەمینەوە سەرخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵە تێکۆشەرەکانی حەکیم زادە، حەداد و حەسەن پوور دەکەم وئەم کۆستەگەورەیە بەهی خۆمان دەزانم و هیوادارم دواین خەمی هەموو لایکمان بێت.
رووحی شاد و ڕێگای ئامانجەکانی پڕ ڕێبواربێت.

---

**Jalal Fatimi**

هەواڵی كۆچی ناوەختی كاك مستەفا، هەموومانی تاساند. حەكیم هی هەموان بوو. بە بۆنە خەمناكەوە لە ناخی دڵەوە سەرخۆشیتان پێ دەڵێم و خۆم لە خەمتاندا بە شەریک دەزانم. روحی شاد بێت و ئێوە و سەرجەم ئازیزانی سڵامەت بن. یاد و ناوی كاك مستەفا لە ناو دڵماندایە. هیوای سێبوریتان بۆ دەخوازم.

---

**Shola Qadiri**

هیچ وشەیەک شک نابەم بۆ دەربڕینی هاوغەمی خۆم سەبارەت بە کۆچی دوایی پێشمەرگە نەجیب و ئەمیندارو دڵسۆزەکەی دێموکڕات کاکە حەکیمی ئازیز. روحی بە بەهەشتی بەرین شاد بێ. سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵەکانی حەکیمزادەو حەسەنپور دەکەم و هیوای سڵامەتی و سێبوریتان بۆ دەخوازم. هاوبەشی غەمتانم.

---

**Fariba Waysi**

هیچ وشەیەک شک نابەم بۆ دەربڕینی هاوغەمی خۆم سەبارەت بە کۆچی دوایی پێشمەرگە تێکۆشەر و ماندوونەناس و ئەمیندارو دڵسۆزی دێموکڕات کاکە حەکیمی ئازیز. روحی شاد و ئارام بێ، سەرەخۆشی لە هەموو بنەماڵەکانی حەکیمزادەو حەسەنپور دەکەم و هیوای سڵامەتی و سێبوریتان بۆ دەخوازم. هاوبەشی غەمتانم.

---

**Karim Jaff**



سەرچاوە Serchawe

بەداخێکی گرانەوە کارەساتی پەتای کرۆنا سایەی لە سەر ئێمە کەم نابێتەوە و دەگەڕێت تا باشترینەکانی ئەم ئەم بزوتنەوەیە و بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێمە بستێنێت.هەواڵی کۆچی دوایی کاک موستەفا حەکیمزادە تەنیا بنەماڵەکەی پەشێو و خەمبار نەکرد بەڵکو تەواوی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کاک موستەفای مات و داغدار کرد.ڕۆحی کاک موستەفا شاد و گیانی ئاسودە بێت،بنەماڵە و کەس وکاری سەلامەت بن.

---

**Yousef Mawloudi**

مامۆستا گیان،شەریکی خەمی لە دەست دانی ئەو هاوڕێ خۆشەویستەمانم.ڕوحی شاد بێ و ناو و یادی زیندوو.جەنابت و بنەماڵە و هاوسەنگەرانی سڵامەت بن.

---

**Mohamad Khademyani**

زۆر بەداخەوە بۆ ئەو خەسارە مەزنە. هاوخەمی بەڕێزتانم مامۆستای هێژامان. بەڕێزتان و بنەماڵەی سەربەرزی سڵامەت بن و ڕێبازی پر لو سەروەری پر ڕێبوار بێت.

**Rand Zarei**

زۆر بەداخەوە، ڕۆحی شاد بێ و یادی بەرز و بەڕێز بێ.

پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکار و هەروەها سەرجەم هاوڕێیان کاک مستەفا حەکیمزادە و بە تایبەتی سەرەخۆشی لە جەنابی مامۆستا دەکەم.

---

**Saber Salimzadeh**

زۆر بەداخەوە بۆ کۆچی ناوادەی حەکیمی تێکۆشەر... سەرەخۆشی لە جەنابی مامۆستا و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی حەکیمزادە دەکەم

---

**Taimur Mostafayi**

ڕۆحی شاد بێت،حەکیم ئەرکی خۆی بەرپرسانە بە کۆتایی گەیاند، ئەم جۆرە کەسانە ڕێزلێگیراوی گەلی خۆیانن و هەر ئەوەش گەورەتەرین سەرمایەیانە. سەری بنەماڵەکەی سڵامەت و ئێوەش خۆش بن.

---

**شوانە ڕەزگەیی**

مامۆستای خۆشەویستم،هیندێک خەم و ئازارهەن نە دەنوسرینەوە و نە دێنە سەر زمان.....من جەنابت بە خاوەنی ئەو خەمە دەزانم و هەر بۆیە پڕ بەدڵ سەرەخۆشیتان لێدەکەم و هیوادارم ئاواتە مەزن و پیرۆزەکانت وەدی بێن و ڕوحی کاک حەکیمت ئارام و شاد بێ.

---

**Kaveh Modaresi**

ریگەی پر ریبوار و هیوا مەزنەکانی سەوز بن. نامرن ئەوانەی وا لە دلی میلەتا ئەژین.
انا لله و انا الیه راجعون

---

**M Nzar Darbandy**

مـرۆڤە پاکــو دڵسۆزو بـەویقــارەکـان لـەمێژوودا نـاویـان وەکـو ئـەسـتـێـرەی پـڕشـنـگـدار دەدرەوشـێـتـەوە ڕۆحیــی شــاد بـێــت.

---

**Shadman Mala Hassan**

زۆر زۆر بەداخەوە بـۆ مالئـاوایی هـاوریی منـیش کـاک مستەفا ئەو پیـاوە بیـدەنک و بەویقـارەی بـوو بـووە ناسـنامەی ریبەرانی حزبـی دیمـۆکرات. سەرەخۆشیم بـۆ بەریزتـان مامۆستا عبداللە هەرەهـا بـۆ تەواوی ئەنـدامانی حـزب و خـانەوادە بەریزەکەی. رۆحی شاد بیت

---

**Jabar Mandah**

خوای گە ورە عەفوی کات و هەزار رەحمەتی خوای گەورە لی ی بیت و داواکارین لە خوای گەورە دوامنزلگای خوالیخوشبو بـە هەشتی بەرین بیت وانا للە و انا الیە راجعون... جەبار یاوەر

---

**Sirwan Jabar**

روحی شادووئـارام بێت لە دەسدانی کاک حەکیم زادە خەسارەتێکی گەورەیە بـۆ بنەمـاڵە و حیزبـی دیمـوکرات و تەواوی گەلـی کورد داواکارم لەخوای گەورە روحی پاکی بە فیردەوسی بەرین شادبکاو ڕێگاو ڕێبازی پر ڕێبواربێت

---

**Askeh Aminizad**

زۆر بە داخەوە بۆ کۆچی دوایی ئەو گەورە پیاوانە و نیشتمان دۆستانە، روحی بەرێزیان بە بەهەشتی بەرین شاد بێسەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزیان و هەمو هاورێو هاوسەنگەرانی دەکەم

---

**Sergol Kawian**

زۆر مەرگیکی نابەوەخت و دلتەزین بوو. حەکیم پاریزەری هەموو ریبەرانی حیزب بوو دەگەل وەش خۆشەویستی گشت بنەمالەی گەورەی حیزب بوو. سەرەخۆشی دەکەم لە تاکە تاکە ئەندامانی حیزب بۆ لەدەست دانی حەکیم.

---

**Ajin Khoshkalam**

ڕوحی کاک حەکیم شاد و یاد و ناوی هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە لە ناو دڵی هەموومان دا
خوای گەورە سەبر و ئارامی بە دڵی بنەماڵە و هاورێ و هەموو ئازیزانی بدا
ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت
ئێوە سڵامەت بن

---

**Aziz Maroufi**

مامۆستای خۆشەویستمان، نەمر کاک حەکیم بە تەنیا لە دەست ئێوە نەچوو، لە دەست هەموو ئەوانە چوو کە تەنانەت بۆ یەکجاریش بووبێ، دیتوویانە. سەرەخۆشی لە ئێوەی تێکۆشەر و لە بنەماڵە بەرێز و سەربەرزەکەی و هەورەوەها لە هاورێ و هاوسەنگەرانی دەکەم. ڕوحی کاک حەکیم شاد بێ.

---

**Hiwa Hawshari**

**زور بەداخەوەبۆ ئەم کۆچە ناخ هەژێنە هیوای سێبۆری بۆ جەنابتان وبنەماڵەی هاوڕێ خوشەویستمان کاک حەکیم ئاواتە خوازم و ڕۆحی نەمری شادبێ و یادی هەرمانە لەدڵمان دا مامۆستاگیان.**

---

**Emad Ghafury**

**خوالێی خۆش بێت ڕۆحی شادبێت بەشداری خەمتانم بۆ لەدەستانی پێشمەرگەیەکی بەئەمەک و فیداکارو سەر ڕاست بۆ حیزبەتێکۆشەرەکەتان و متمانەپێکراوێکی نمونەیی و دەستەی پارێزەرایتان دواکۆستی حیزب و بنەماڵە تێکۆشەرەکەیان بێت**

---

**Bawke Nvar**

**سەرەخۆشیتان لێدەکەم.. بەداخم بۆ لە دەست دانی ئەو تێکۆشەرە ئەمین و دڵسۆزەی دیموکرات و نزیکی بنەماڵەتان، ڕوحیان لە بەهەشتا ئاسودە بێت و دڵی ئێوەش سەبر و ئۆقرەیی بە خۆوە بگرێ.**

---

**Mohammad Mirawayi**

**هەزار داخ و مخابن. شەریکی غەمی جەنابت و هەموو ئازیزانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەین. هیوای سلامەتی بۆ ئێوە سەرووەرمان و هاوسەر و جگەرگۆشەکانی و هەموو کەس کارین. ڕوحی شاد بێ.**

---

**Omer Shadab**

سڵاو لە ڕووح و ڕێبازی ، سپاس بۆ هەموو ئاڵا هەڵگران و درێژەدەری ڕێگای ئەو نەمرە و هەمووشەهیدانی گەل کە ڕێبازی ڕزگاری خاک و خەڵکی کوردستانە.

---

**Kosro Rojhalat**

روحی شاد و خوای مزن بە بە هە شتی برین شاد بکات و خوم بە بە شدار خم و پە ژارە ی بنە مالە و حی ل ی خانوادە بریزیان دزانم و هیوا وارم ریگە ی بە ردوام بیت

---

**عومە ری زێڕنگر**

گیانی ئەو تێکۆشەرە مەزنە شادبێ ، ڕێز بۆ وەفاو ئەمەکداری جەنابتان .

---

**Loqman HafMehr**

خەمێکی یەجگار قورسە ڕۆح و ڕەوانی حەکیمی خۆشەویست شاد و ئاسوودە بێ و شەریکی خەمین.
سەبووری و پشوودرێژی بۆ باجە عیسمەت و مناڵەکانی، هەموو ئازیزانی ئاواتەخوازم و سەرخۆشی لە جەنابتو و بنەماڵەی گەورەم (حیزب) دەکەم بۆ ئەم خەسارە.

---

**Osman Afshin**

بۆ لە دەست دانی هاورێ حەکیم تێکۆشەرێکی بەوەفا و دڵسۆز و بەئیمان کوری رۆژە سەختەکانی خەبات و تێکۆشان ماڵ ئاوایی لێکردین و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەرێزی کاک حەکیم و بەرێز مامۆستای خۆشەویستمان و

هاوسەنگەرانی دەکەم، خۆمان بەشەریکی خەمیان دەزانم، روحی شاد بێت، حەکیم شایانی زۆر لەوەی زیاترە، دەستی جەنابتان خۆش بێ ماموستا گیان هەر بژی وساغو سلامەت بی.

---

**Hiwa Haji Rasuli**

رۆحی شاد و هاوخەمی ئەو کۆستە گەرەیەتانم، سەرەخۆشی لە جەنابت و بنەماڵەی سەربەرزی حەکیمزادەکان دەکەم. رۆحی شاد بێ.

---

**Zardasht Amir**

روحی پاکی بە تە بایی ئە بە دی بگات و خوای گە ورە دلی ماموستای پایە بە رز و گشت هاوسە نگە ر و کە سە کانی هیور بکاتە وە بوخوتان سە لامە ت بن.

---

**Ronak Khatoni**

زۆر زۆر بە داخەوە، هەواڵێکی دڵتەزێن و ناخۆش بوو ،روحی شاد بێت و هیوای تەمندرێژی بۆ ئێوەی بەرێز و خۆشەویست و هەموو ئازیزانی بە ئاوات دەخوازم،

**Ghassem Khatemi**

زۆر بەداخەوە، روحی شادو یادی بەرێزی بەخێر، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی خۆشەویست و ئێوەی بەرێزیش دەکەم.

---

**Leyla Sofisultani**

زۆر زۆر بەداخەوە بۆ ماڵئاوایی کردنی هاورێ و هاوسەفەر و هاسەنگەری گیان لەسەر دەست نەمر بەڕێز حەکیمزادە خەمێکی یەگجار قورسە هیوادارم بە شەریکی هەڵگری ئەم خەمە قورسە قەبووڵمان بکەی ماموستا گیان سەری ئێوە و ئازیزانی سڵامەت بن یادی ئازیزی بەرز و هەرێز بێت ڕێگای پڕ ڕێبوار.

---

**Jalal Betoshi**

روحی پاکی کاک حەکیمی گەورەمان شاد بێ خوا سەبوری ئێوەو سەرجەم هاورێ و هاوسەنگەرانی بدات بە تایبەت بنەماڵەی گەورەی حەکیم زادە

---

**Loghman Chaboki**

ڕۆحی مەزنی شاد بێت حەکیمێک لەخزمەت ئەدیبان دا کە بۆ ئێمە پێشمەرگە تازەکان وەک سەرچاوەیەک بوو بۆ فێربوونی ئەمینداریو نهێنی پارێزی بگرە نسیحەتەکانو قسەکانی دەبوونە هەوێنی ژیانو خەبات بۆمان.

ماموستا گیان جەنابت سڵامەت بی ئینشاڵا خوای گەورە پاداشی هەموو باشیەکانی بداتەوە وجەنابتمان پێ بێڵێ خۆم بەشەریکی ئەو خەمەگەورەیەت دەزانم سەری ئازیزانی سڵامەت بێت.

---

**Chia Galandari**

بەداخەوە بۆ لەدەستانی رۆلەیەکی دلسۆزی خەباتی رزگاری خوازی رۆژهەلاتی کوردستان ،بەم بۆنە غەمناکەوە سەرەخۆشی خۆم و تیکرای خانەوادەکەم لە جەنابت و حیزبە پر شکۆکەتان و هەموو هاورێ و هاوسەنگەرانی حەکیم دەکەم و داواکارم لە خوای گەورە کۆچکردوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئیوەی بەریزیش هەردەم لەش ساغ و سەلامت بن.

---

**Shilan Gull**

**خۆتان خۆش بن خاله عبدالله به ڕاستی تاساوم‌بۆ كاك حكیم من له ١٩٩٤ تییێكه‌ڵی ماڵ كاك حكیم زاده‌م به‌ڕاستی تاساوم زۆۆۆریش**

---

**Mohammad M. Aghdam**

**ڕوحی كاك حه‌كیم شاد بێ، جه‌نابی مامۆستا حه‌سه‌نزاده‌و بنه‌ماڵه‌ی به‌ڕێزی حه‌كیمزاده‌و ئازیزانی سه‌لامه‌ت و ته‌مه‌ن درێژ بن.**

---

**Sasan Jahani**

**زۆر به داخه‌وه بۆ كۆچی دوایی تێكۆشه‌ری دێرین و با وه‌فای دێمۆكڕات، كاك مسته‌فا حكیم‌زاده له ناخی دله‌وه دلگرانم هه‌روا له ناخی دڵمه‌وه سه‌ره‌خۆشی له بنه‌ماڵه‌ی سه‌ربه‌رزی حه‌كیم‌زاده و به‌ریز مامۆستا عبدولا حه‌سه‌نزاده ده‌كه‌م.**
**له‌خوای گه‌وره داواكارم به به‌هشتی به‌رین شادی بكات وئیوه‌ی به‌ریزیشتان سڵامه‌ت بكا**

---

**Farzad Hekmat**

**زوور به داخه‌وه**
**سلامه‌تی وسه‌ر به‌رزی بو جنابتان و بنه ماله‌ی به‌رێزیان به ئاوات ده‌خوازم**

---

**Loghman Husseini**

مامۆستای خۆشەویستم، هەلگرتنی ئەو خەمە گەورە ئاستەمە بە تەنها لە سەر شانی جەنابت و ئازیزانی بنەماڵەی ئەو مرۆڤە مەزنە بێ، هەر بۆیە خەمەکەتان لە گەل بەش دەکەین و داوای سەرساغی بۆ جەنابت و هاوسەنگەران و خۆشەویستانی دەکەم ، خۆم بە شەریکی ئەو کۆستەت دەزانم و سەرەخۆشیت عەرز دەکەم، روحی پاکی کاک حەکیمی هەمووومان شاد و رێز بۆ ڕابردووی پر لە سەروەری.

---

**Faruq Sohrabi**

رۆحی شاد بێ و رێگای درێژەی هەیە زۆر بە داخەوەم ساڵێکی شووم بوو بۆ حیزب
هیوام شادی و گەشانەوەی رۆحی بەرزی و ئەمینداری دێموکراتە بە کوردستانی ئازاد و گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی رێگامانە.

---

**Khalid Awazhe**

درود بۆ مەزار و کێل و ئارامگای،
هەموو ئەو هەنگاوانەی کە بۆ خەباتی کوردایەیەتی هەورازو نشێوەکانی پێ تەی کردووە ڕێزی لێدەگرم ماچیان ئەکەم نزا ئەکەم خودا مردنێکی ئەواشەرفەندوشکۆمەندانەش بە ئێمەببەبخشێت،
چەند خۆش مرۆڤ بەشۆڕشگێری و جاویدانی شەهید بێت یان کۆچی دواى بکە،
جێگای بەهەشت و خودای مەزن شەهادەتی قبوڵکرابێت و لەگەڵ پایەدارانی خۆی ئەژماری کردبێت.

---

**Mahmood Bawzy**

زۆر بەداخەوە خوای گەورە لێی خۆش بێت جێگای بەهەشتە ئینشاالله انالله‌وانااليه‌راجعون.

---

**Loghman Mohammadi**

بەرێز جەنابی مامۆستا حەسەنزادە: خۆم بەشەریکی خەمتان دەزانم و سەرەخۆشیت لێدەکەم، هیوادارم بەرێزت ساخ و سڵامەت بی.

---

**سەرباز قادر**

ماتەمبارم بۆکۆچی کاکە حەکیم روحی شادوجێگایبەهەشتەئیشاڵلا خواسەبووری ئێوەوخانەوادەکەی بدات انااللەواناالیەراجعون

---

**Osman Mamesh**

رووحی شاد بێت، رێگا و رێبازی ئاوەدان بێت و کەس و کاری و دۆستان سڵامەت بن.

---

**Hasan Kanisiran**

زور زور بە داخەوە بۆ لە دەستدانی حکیم زادە، لە نزیک لە گاڵ بووم .دەاناجار سەر بوو چاک کەردووم. ڕۆحی شاد بێت، جێگای بە هەشت بێ.

**Jafar Shariati**

رووحی ئازیزی شادو ئارام بێ و ئازیزان و هاورێیانی رێی خەباتی سەلامەت و تەمەندرێژ بن.

---

**Mohammed Mala Mustafa**

زۆر بەداخەوە بۆ کۆچی دوای پیاوە بەویقارو دڵسۆزەکەی گەل، و نیشتمان روحی شاد بێت

---

**ئالان خاس**

زۆر بەداخەوە، ڕوحی پاکی شاد بێت و ئێوەی بەڕێز و بنەماڵەی بەڕێزیان سەلامەت بن.

---

**Jemile Qadri**

زۆر بەداخەوە بۆ پێشمەرگەی نەجیب و ئەمیندارو دڵسۆزەکەی دێمۆکرات. رووحیشاد بێ و سێبووڕی بۆ ئازیزانی.

---

**Kwestan Babaey**

روحی کاک حەکیم شاد و ئارام بێ. تەمەندرێژی و سەلامەتی بۆ ئێوە مامۆستای بەڕێز. کاک حەکیم هەمیشە لە دڵماندا بە نەمری دەمێنێتەوە.

---

**Faruq Sohrabi**

رۆحی شاد بێ ئینشالاّه بۆخۆتان سلامەت بن و سەبووری و بۆ ماڵباتی سەربەرزی شەهید حەکیمی ئەمیندار و رێبازی پر سەروەری درێژەی هەیەو سەنگەری ئاوەدانە

---

**Fazil Shawrow**

کۆستێکی جەرگبڕ... خەمێکی قورس بۆ هەمووان، ڕۆحی پاکی کاکە حەکیم شاد و خوداش ئـارامی و سێبووری بەسـەر ئێوەدا ببارێنێ.. هەموومان بۆی ماتەمبارین.

---

**Karim Allahweysi**

حەق نەبوو کـورد ئەو هەمـوو مرۆڤە باشـە کـاک جەلیـل گـادانی ، کـاک لوقمـان میهفەر و ئەمرۆش کـاک مستەفـا حەکیم زادە لە دەست بدا، ئاخر کورد زۆر برینداره و بەرگی زۆر برینان ناگرێ!

---

**Shakhewan Azizi**

هەواڵێکی جەرگبڕ و ناخ هەژێن لەم کات و ساتەدا، زۆر بە داخەوە بۆ مەرگی لە ناکاوی ئەو تێکۆشەرە ماندوویی نەناسە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری، لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دەکەم، ڕوحی شاد بێ و سێبووری بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵە تێکۆشەرەکەی حەکیمزادە.

---

**Ravand Husseinpour**

زۆر بەداخەوە، سەرەخۆشـی لە جەنابـت و بـاجە عیسـمەت و کچەکـان و بنەمـاڵەی خۆشەویسـت حەکـیم زادە و حەسەنپور و باقی خزمان دەکەم و شەریک و هاوبەشی خەمتانم روحی شاد بێت.



سەرچاوە
Serchawe

**Mostafa Rastegar**

ماڵ ئاوا هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویستم.کاک مستەفای حەکیم زادە، زیاتر لەبەر خۆشەویستەکەی بە حەکیم دەناسرا ئەمڕۆ ماڵ ئاوای لێ کردین.ڕوحت شاد بێ. شەریک و هاوبەشی خەمی بنەماڵەی گەورەی حەکیم زادە و حەداد و حەسەن پوورم.

**Osman Bewrani**

ئەو حەکیمەی هەمووما‌ن سەرمان  پێ دەسپارد، ئەو حەکیمەی دڵسۆزی هەموومان بوو بەبێ جیاوازی بەداخەوە بە جێی هێشتین. روحت شاد حەکیم گیان سەرەخۆشی دەڵێم بە باجە جیسمەت و هەموو خۆشەویستانت و هەموو ئەندامانی دێموکڕات.

**Mohammad Mahmodian**

زۆر بە داخەوە. روحی شاد بێت. سەرەخوشی دەکەم لە بنەماڵەی بەرێزی حەکیم زادە، حەسنپور. حەداد و هەموو خزمو کەسوکار و لە هەموو هاوڕێیانێ. خوم بە شەرێکی غەمی هەموو لایێک دەزانم.

**کویستان ئەحمەد ئەستانی**

ئەمڕۆ ئێواره بیستنی هەواڵی مەرگی کاک مستەفا حەکیم زاده هەمووومانی تاساند و خەمێکی گەلێک قورس بوو بۆ هاورێ و هاوسەنگەرانی دێموکرات.

دڵم هێنده پڕه تەنها دەتوانم بڵێم روحی حەکیمی حەکیمان شاد بێیت.

---

**Tahir Qasimi**

هاوخەمی بنەماڵەی سەربەرزی حەکیمزاده و بنەماڵه گەورەترەکەی حیزبی دێموکراتم. ڕەوانی کاک مستەفا حەکیم زادەی هەمیشه پێشمەرگه شاد بێ و ساغی و سێبووری بۆ ئازایزان و هاوسەنگەرانی دەخوازم.

---

**Yousef Khalil**

زۆر به داخەوەم بۆ بیستنی ئەو خەبەره ناخۆشه که تەواو خەمباری کردم. پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی هەموو ئەندامانی بنەماڵەیً حەکیم زاده کاک محەمه کاک غەفوور کاک رحیم و هەروەها بنەماله ئازیزەکانی حەداد حەسەنپور و باقی کەس و کاریان دەکەم هاوبەشی خەمیانم هیوادارم خۆیان و کەس و کاریان خۆش بێت.

---

**Mohammad Kasrayi**

**ماڵئاوا پێشمەرگە!**

**بۆ ناسینی پێشمەرگە، بەس بوو حەکیمی بناسی!**

**نمونەی پێشمەرگەی بەئێمان، فیداکار، دڵسۆز، ئەمین، دەسپاک، بەئەخلاق، حازربەدەست و چوست وچالاک و قالب سووک و گوێڕایەڵی بڕیاراتی سەروی خۆی بوو. کۆچی زۆر زوو بوو بەلام ژیانی پڕاوپڕ لە شانازی و خزمەت بوو.**

**سەلامەتی و سەروەری بۆ هاوڕێیانی و خۆشەویستانی**

---

**Siawash Goudarzi**

**زۆر بەداخەوە بۆ مەرگی پێشمەرگەی دێرین کاک مستەفای حەکیمزادە مرۆڤێکی دڵ گەورەو خزمەتکارێکی گەورەی پێشمەرگە و گەل و نیشتمان. ساڵی ١٣٦٣ لە کانیمێو بۆ یەکەمجار بەخزمەتی گەیشتم، بەدەستێک چەک و بەدەستیک مەقەست شەووڕۆژ خەریکی پاسەوانی و چاککردنی مووی سەری پیشمەرگە بوو. بە ساڵان لە کانیمێو و لە قەندیل هەر دوو مانگ جارێک چوومەتە خزمەتی هەر جارەو ڕووخۆشتر، ڕۆحسووکتر و شیرینتر لە جاری پێشووتر.**

**کاک حەکیم گیان سپاس بۆ خزمەتەکانت! ڕەوانت شاد! ناوت هەردەم بەرز و بەڕێزە!**

**بە لەعنەت بێت کورۆنا!**

**Mala Gharib Rahimi**

انا لله و انا اليه راجعون

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە کاک مستەفا حەکیم زادە کە ماوەیەک بوو بەهۆی نەخۆشی کرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی باشوری کوردستان لە ژێر چارە سەردا بوو ئەمڕۆ ٥ - ٥ - ٢٠٢١ کۆچی دوایی کرد کاک مستەفا پاریزەری رێبەرانی شەهیدو زیندوویی حیزبی دێموکڕات بوو کە نزیک بە چل و دووساڵ بەو پەری سەخاوەتەوە وەک پێشمەرگەیەکی ماندوو نەناس خزمەتی بە حیزبەکەی کرد بەو بۆنە خەمناکەوە پرسەو هاوخەمی خۆم و بنەماڵەم ئاراستە بنەماڵە تیکۆشەرەکەیان و هاورێ و هاوسەنگەرانی دەکەین رۆحی شاد جێگەی بەهەشت بێ خوای گەورە سەبرو ئارامی بە بنەماڵە ئازیزانی بدات.

---

**Ali Balaki**

ماڵئاوا یارەبەوەفاکی قاسملوول و شەرەفکندی و دێمۆکرات رووحت شادبێ کاک مستەفای حکیم زادە سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆمان دەردەبرین دەگەڵ هاورێی و هاوسنگەران و بنەماڵێ بەرێز کاک مستەفای حکیم زادە خۆمان بەشەریکی خەمیان دەزانین

---

**Mohammed Xambar**

رووحت شاد بیت هاورێ وەفادار و جێی باوەڕی رێبەرانی شەهید و زیندووی حیزبەکەمان زۆر بە داخەوە بەڕاستی کۆستێکی گەورە و گرانە سەرەخۆشی دەکەم. لە خاتوو عیسمەت و جگەر گوشەکانی و تێکرا بنەماڵەی گەورەی حەکیزادە و خۆم بە شەریکی خەمتان دەزانم و هیوادارم ئاخرین خەمتان بێت و خوای گەورە سەبووریتان بداتەوە

**Jafer Resoli**

چه‌نـده‌ به‌ ئـازار و به‌ژانه‌ كه‌ چیتـر ئه‌م قه‌ڵافه‌ته‌ به‌ هه‌یـبه‌ت و پێشـمه‌رگانه‌ و شۆڕشـگێڕانه‌یه‌ له‌ نێـو قه‌ڵا و تایبه‌تی له‌ نێو حیزبی دێموكڕات و بزووتنه‌وه‌ی كورد نابینین!

نزیك به‌ مانگێك ده‌بێ چاوه‌ڕێم كه‌ له‌ نه‌خۆشخانه‌ ده‌رچی و بێیه‌وه‌ ماڵه‌وه‌ و به‌ دیدارت شاد بم.

مخابن كه‌ چاوه‌ڕوانی من و سه‌رجه‌م هاوڕێ و هاوسه‌نگه‌ر ان و بنه‌ماڵه‌ت وه‌دی نه‌هات و دیدار به‌ ئاخرت بووین.
ڕۆحت شاد و یادت هه‌رمان پارێزه‌ری ڕاسته‌قینه‌ و پێشمه‌رگه‌ی به‌وه‌فا حیزب و گه‌ل.

---

**Nariman Manbari**

كۆچی یه‌كجاری كاك مسته‌فای حه‌كیم زاده‌(حه‌كیم) پێشمه‌رگه‌ی دێرینی كوردستان، برینێكی دیكه‌ی به‌ دڵـی پـڕ له‌ برینمان زیاد كرد.
به‌م بـۆنه‌ خه‌منـاكه‌وه‌، سه‌ره‌خۆشـی له‌ بنه‌مـاڵه‌ی گه‌وره‌و نیشـتمانپه‌روه‌ری حه‌كیمـزاده‌ و هه‌مـوو هـاوڕێ و هاوسه‌نگه‌رانی ئه‌م ئازیزه‌ ئه‌كه‌م و له‌ ناخه‌وه‌ به‌شداری ئه‌م خه‌مه‌ گرانم.
ره‌وانی كاك مسته‌فا شاد و هیوای سه‌بر و ئارامی بۆ هه‌موو ئازیزانی ئه‌م تێكۆشه‌ره‌ دێرینه‌ ده‌خوازم

---

**Mariwan Chawshin**

شۆڕشگێڕه‌كان نامرن.
به‌ڵام جێگه‌ی داخه‌ برهه‌می ئه‌و زحمه‌ته‌ی خۆیـان هه‌ڵنه‌گرته‌وه‌ و بـه‌ چـاوی خۆیـان نه‌یـانبینی ئـازادی وڵاتمـان كوردستان.
یادت له‌ دڵمدایه‌، به‌تایبه‌ت ئه‌وكاتانه‌ی سه‌رت بۆچاك ده‌كردم و ده‌تفه‌رموو ناوی خۆت بنوسه‌ له‌ ده‌فته‌ره‌كه‌دا□

---

**Chiicho Mahmudzadeh**

بەداخەوە بۆ هەواڵی کۆچی ناوەختی کاک موستەفا حەکیمزادە،خۆشەویستە و هاوڕێی ڕێبەران و پێشمەرگەکان.
لە ناخی دڵمەوە سەرخۆشی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەم.

ماڵئاوا و ڕۆحت شاد و گیانت ئاسودە بێت.

---

**Diako Sheikh Aghaei**

لەگەل سەرەخوشی خوم هیوادارم روح و رەوانی شادوئارام بێت و خوتان سەر ساغ و سلامەتبن ، خۆم بەهاوبەشی خەمی ئێوەی بەرێزان وبنەمالەتان دەزانین.

---

**Omar Farkhapour**

زۆر بەداخەوە بۆ ئەو کۆستە گەورەیە، خۆم بە شەریکی بنەماڵە بەرێزەکەی هەموو ئازیزانی دەزانم و رووحی کاک مستەفای خۆشەویستیش بە بەهەشت شاد بێ.

---

**Mohammad Karimi**

زۆر زۆر بە داخەوە كۆچی دوایی كاك مستەفا زۆر دڵ تەزین بوو بۆ هەموو لایەک هەر بەم بونەوە منیش سەرە خوشی خوم ئاراستەی جەنابت و بنەماڵەی خۆشەویستی دەكەم و خۆم بە شەریكی غەمتان دەزانم انشاالله كە روحی بە بەهشتی بەرین شاد بیت انشاالله.

---

**Abu Nazhad**

ڕوحی كاک مستەفا شاد بێت و ڕێگای پڕ لە شانازی پڕ ڕێبوار بێت، سەبوری بۆ بنەماڵەی گەورەی حەكیم زادە و هاوسەنگەرانی.

---

**Ahmed Zryan**

زۆر زۆر جیگایێ ناراحەتیو ناخۆشی بۆ روحی كاک مستەفایێ خۆشەویستی هەمولایەک شاد ئازیز و خۆشەویستانوو كەسووكارێ سەر ساخ و تەمەن دریژ بن

---

**Dimasi Abobakr**

زۆر بە داخین بۆ مەرگی، روحی شاد، شەریكی غەمتانین، هیوادارین ئاخرین كۆستی ژیانتان بێت.

---

**Abobakr Ghadikurd**

ڕوحی شادبێ یادوبیرەوەریەکانی لەناو مێژووی خەباتی گەلی کورد وگەلەکەی هەر بە زیندووی دەمێنێتەوە.

---

**Ahmed Rasuli**

خوای گەورە لێی خۆش بێ جێگای بەهەشتی بەرین بێت سێبووری ئارامی ببەخشێ بە گشت لایەک

---

**سليمان احمد نژاد**

زۆر بە داخەوە بۆ کۆچی دوایی کاک مستەفا ڕوحی شادبێ،سێبووری بۆ هەموو بنەماڵەی حەکیم زادەکان و بەتایبەت بنەماڵەی بەڕێزی کۆچ کردوو!

---

**Hama Qameshe**

ڕوحی شاد من شاهیدم لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران بنەماڵەی حکیم زادە بە ژن و پیاویان کچ و کوڕیان هەتنە ناو کۆڕی خەباتی نیشتمانی کوردستان و خۆبەخشانە ئەوەی پیان کرابێ بۆ کوردایەتی قسوریان نە کردوە، ڕوحیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ سڵاوی من بۆ باقی مەندەکان....

---

**Ajin Khoshkalam**

زۆر بە داخەوە بۆ ئەو کۆچی ناوەختی کاک حەکیم
ڕوحی شاد و جێگای بەهەشت بێت انشاالله
خوای گەورە سەبر و ئارامی بە دڵی ئێوە بدات شەریکی خەمتانین

---

**Salh Bapir**

زۆر بەداخەوە روحی شاد بێت جێگای بەهەشتی بەرین بێت ئازیزان وهاوسەنگەرانی سەلامەت بن رێگای پیرۆزیان پڕی ڕێبوار بێت

---

**مەحەمەد مارەغانی**

زۆر بە دەاخەوە بۆ کۆچی ناوەختی کاک مستەفا حەکیم زادە لە قووڵای دڵمەوە سەرەخۆشی بە بنەماڵەی بەڕێز حەکیم زادە دەڵێم و خۆم بە شەریکی غەمیان دەزانم.

سێبووری بۆ بنەمالەی بەرێزیان...

---

**Said Xdr Mirsaydi**

بەداخەوە هەواڵێکی دڵتەزێن و خەمێکی قورسە! کۆچی کاک حەکیم پێشمەرگەی ماندوویی نەناسی دێموکڕات و پارێزەرانی شەهیدان دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندی و بەرێز مامۆستا حەسەنزادە! هەموومانی تازیەبار و دڵ بەخەم کرد، بەو بۆنەوە سەرەخۆشی دەکەم لە هەموو هاورێ و هاوسەنگەرانی کاک حەکیمی نەمر و بنەماڵەی بەرێزیان روحی شاد.



سەرچاوە
Serchawe




بەڵێنم دا وچان نەدەم
لە پێناو ئەم نیشتمانە
یان ژینێکی بە سەربەستی
یان مەرگێکی سەربەرزانە

**سوپاس و پێزانین**

**بەڕێزان و خۆشەویستانی حەکیم!**

ئەمڕۆ یەک حەوتوویە گەورەی بنەماڵەمان، تاجی سەرمان، پێشمەرگەی خۆشەویست و خۆنەویست زیندەیاد، مستەفا حەکیمزادە (حەکیم) بە جەستە لە نێومان دا نەماوە و لە گردی پیرۆز و مەزاری شەهیدان لە تەنیشت سەدان هاوڕێی شەهیدی مەنزڵی گرت و بە کۆچی نابەوەختی هەمووومانی خەمبار و پەشێو کرد.

کەم و دەگمەنن ئەوانەی وەک حەکیم زیاتر لە دوو لە سەر سێی تەمەنیان بۆ خزمەت بە گەل و نیشتمان تەرخان کرد بێ و تەمەنێکی پڕ لە سەروەری لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەنیشت شۆڕەسوارانی ڕێگای ئازادی تێپەڕ کرد بێ و لە هەمانکاتدا بە سەخاوەتەوە سەری گەورە پیاوان و ڕێبەرانی شەهید و زیندووی بە ئەمانەتەوە پاراست بێ و بە

کردەوە ببێتە پێشەنگی کاراونی خەباتی سوور خەڵاتانی گەل و تا کاتی ماڵئاوایی یەکجاری وەک مۆمێک ڕووناکی بە دەوروبەری خۆی ببەخشێ.

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی حەکیم، ئێمە وەک بنەماڵە و کەس و کاری نەمر مستەفا حەکیمزادە تووشی خەم و پەژارە و تەنانەت شۆک بووین، لە یەکەم چرکە ساتی بڵاو بوونەوەی ئەو هەواڵە دڵتەزێنەدا، خۆشەویستانی حەکیم بەدەربڕینی بە هەست و سۆز، بە نووسینی جۆراوجۆر، لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینترنێت، تەلەفوون، نامەی ئەلێکترۆنی و بە شێوەی حزووری شانتان وەبەر قورسایی ئەم خەمە گەورەیە دا و دەریای دڵسۆزی و هاوخەمی و قەدرزانیتان سنووری خۆشەویستی و مێهرەبانی بەزاند و هاوسۆزی و هاوخەمیتان بوو بە مەرهەمی برینی قوڵی دڵمان.

بێشک ئەگەر ئەو هاوخەمییە بەرینەی ئێوە ئازیزان نەبوایە، زۆر زەحمەت و دژوار بوو، بتوانین پشت لە ژێر ئەو کۆستە گەورەیە دا ڕاست بکەینەوە، هەر بۆیە وەک بنەماڵەی نەمر مستەفا حەکیمزادە (حەکیم) و حەسەنپوور لە ناخی دڵمانەوە سوپاسی یەکەیەکەی ئێوە بەرێزان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەرێمی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسی و ئەدەبی و هەروەها گشت خزم و کەس و کار و هاوڕێ و هاوڕێباز و هاوسەنگەرانی دەکەین و سەری ڕێز و خۆشەویستی لە بەرامبەر گەورەیی و مێهرەبانی گشت لایەکتان دادەنوێنین و ئاواتەخوازین کە ئێوە تەمەن درێژ و ساخ و سەلامەت بن و شانازی بە بوونی ئێوە ئازیزان و بە سەروەرییەکانی نەمر (حەکیم)ەوە دەکەین.

ڕووحی حەکیمی هەردەم زیندوو شاد و یاد و ناوی لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.


لەگەڵ ڕێز و حورمەت

بنەماڵەی حەکیمزادە و حەسەنپور و خزمان بە گشتی

١٢ - ٥ - ٢٠٢١

---

تێبینی: بەشی زۆری کۆمێنتەکان لە دیواری فەیس بووکی بەرێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەرگێراوەن




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢١ی کوردی = مای ٢٠٢١ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe